# راپەڕین...دەروازەیەك بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستانی عێراق-دا (١٩٩١-٢٠١٥)


## م. بەختیار عبداللە کریم
## زانکۆی ڕاپەڕین
## فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
## بەشی مێژوو


دەستپێك:

ئـەم توێژینەوەیـە تایبەتـە بەمێـژووی ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان ( Non Government Organization/ NGO) لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، کە واپێویست دەکات لەمێژووی ڕێکخـراوە جـەماوەریی‌و پیشـەیی‌و سـەندیکا توێژی‌و پسپۆڕییەکان جودابکرێتەوە، چونکە جگە لـەوەی لـەڕووی مەبەسـت‌و ئامـانجی دروسـتبوونیانەوە جیـاوازن، هاوکات خاوەن پێکهاتەو پەیکەرو شێوازی کارکردنی جیاوازن، هەروەها لەڕووی مێژووییشەوە بوونی ئەم دامەزراوانـە لەکوردستاندا بۆ ساڵانێکی زۆر پێش سەرهەڵدانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەگەڕێتـەوە، تەنانـەت لەگـەڵ هـەژموونی حزبـەکان بەسـەریانەوە، بـەڵام هەنـدێك سـەندیکاو ڕێکخـراوی خوێنـدکاریی مێـژوویان بـۆ پـێش سـەرهەڵدانی ژیـانی حزبایەتی‌و لەدایکبوونی حزب لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە.

پێناچێت مێژووی هیچ ئۆرگان‌و دامەزراوەیەك لە هەرێمی کوردستاندا هێنـدەی مێـژووی ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان ئاڵۆزو نادیارو فەرامۆشکراوبێت، بێگومان ئەمەش بۆ چەندین هۆکاری هەمەلایەنە دەگەڕێتەوە، نوێیی‌و کەم ئەزموونی کاری ڕێکخراوی ناحکومی لەکوردستاندا هۆکارێکی سەرەکییە لەپەراوێزخراوی مێژووی کاری ڕێکخراوەکان، هـەروەها خەمساردی‌و کەمتەرخەمی‌و کەمتوانایی بەشێکی زۆر لە خودی ڕێکخراوەکان لەبواری بە دۆکۆمێنتکردن‌و تۆمارکردنی مێژووی خۆیاندا، هۆکارێکی دیکەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لەو ڕێکخراوانە بەهەمان شێوەی دامەزراوە میری‌و حیزبییەکان گرفتاری نەخۆشی خۆ قۆزاخـەکردن‌و واڵانـەکردنی دەرگـای زانیـاریی‌و ئاشـکرانەکردنی سەرچـاوەو بـڕی پاڵپشتی مادی پرۆژەکان‌و جۆری ئەو پرۆژانە (بە پاڵنەری ئێرەیـی یـان پاراسـتنی بیرۆکـە) بـوون، ئەمـەش هۆیـەکی دیکەیە بۆ ئەوەی توێژەران خۆیـان لەقـەرەی مێـژووی ڕێکخراوەکـان نـەدەن، هاوکـات توێـژەرانی مێـژووش مێـژووی ڕێکخراوەکانیان فەرامۆش کـردووەو زیـاتر سـەرقاڵی مێـژووی سیاسـی کـوردو کوردسـتانن، بـەهۆی هـەژاری تۆمـاری مێژووی نەتەوەییمان لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا، دیـارە تۆمـاری مێـژووی هاوچەرخیشـمان جیاوازییـەکی ئـەوتۆی لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوتردا نییە، لەم میانەیەشدا مێـژووی ڕێکخراوەکـان زیـاتر بێنـازترەو پشـکی سـەرەکی لـەم فەرامۆشکردنەدا بەرکەوتووە.

ئـەم توێژینەوەیـە هـەوڵێکی سـەرەتاییە بـۆ تۆمـارکردنی ڕەوتـی مێـژوویی ڕێکخـراوە ناحکومییـەکانی هـەرێمی کوردسـتان، کـە دەتـوانین بڵـێین ڕاپـەڕینی بـەهاری (١٩٩١)ی خـەڵکی کوردسـتان دەروازەیـەك بـوو بۆسـەرهەڵدان‌و دەرکەوتنیان لەهەرێمی کوردسـتاندا. توێژینەوەکـە بـۆ سـێ بـاس دابەشـکراوە، باسـی یەکـەم تایبەتـە بەناسـاندنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان‌و مێژووی سەرهەڵدانیان لەجیهاندا. باسـی دووەم بـۆ سـەرهەڵدانی ڕێکخـراوە ناحکومیـەکان

لەنێوان راپەڕینو روخانی رژێمی بەعسدا (١٩٩١-٢٠٠٣) تەرخانكراوە، باسی سێیەمیش تایبەتە بەپەرەسەندنی و چالاكیو توانای ڕێكخراوە ناحكومییەكان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٥)دا.

بەهۆی نەبوونی سەرچاوەو توێژینەوەی تایبەت لەسەر رۆڵو چالاكی ڕێكخراوە ناحكومییەكان لەهەرێمی كوردستاندا، هەروەها پەرشو بڵاوی زانیاریو هەواڵی چالاكی ڕێكخراوەكان، سەرچاوە گەلێكی زۆرو جۆراوجۆر بۆ توێژینەوەكە بەكارهاتووە، بەپێویستی دەزانین لەنێو ئەو سەرچاوانەدا ئاماژە بە دوو بڵاوكراوەی تایبەت بە ڕێكخراوەكان بدەین، كە زانیاریی زۆریان سەبارەت بەچالاكی ڕێكخراوەكان لەخۆگرتووە، ئەوانیش بڵاوكراوەی (نامە)، كە لەلایەن (ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی)یەوە بڵاوكراوەتەوە، سوود لە زۆربەی ژمارەكانی وەرگیراوە، هەروەها گۆڤاری (IKNN)، كە لەلایەن (ئەنجومەنی كوردستانی ڕێكخراوە ناحكومییەكان)ەوە دەرچووە.

جگە لەوە بڵاوكراوەیەكی فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكومییەكان بەناونیشانی: فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكومییەكان لە (ساڵو نیوێك)دا، توێژینەوەكەی دەوڵەمەندتر كرد سەبارەت بە ڕێكخراوەكانو ژمارەو چالاكییەكانیان لە دوو ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٥)دا. هاوكات بۆ سەرهەڵدانو ژمارەو مێژووی ڕێكخرواوە ناحكومییەكان لەجیهاندا سوود لە چەند نامەیەكی زانكۆیی وەرگیراوە، وەك: (دور المنظمات غیر الحكومیه فی النزاعات الدولیه- أنموذج منظمه أگباو بلا حدود، دور المنظمات الدولیه غیر الحكومیه فی عملیات بناو السلام- دراسه حاله منظمه أوكسفام).

## باسی یەكەم: ناساندنی ڕێكخراوە ناحكومییەكانو مێژووی سەرهەڵدانیان لەجیهاندا.

لەگەڵ ئەوەی ڕێكخراوە ناحكومییەكان لەڕووی تیۆرییەوە چەند سیفەتێكی هاوبەشیان هەیە، وەك ناحكومیبوون، قازانجنەویستی، كاركردن بۆ سوودی گشتیو سروشتی ئازادی كاركردن تیایاندا، بەڵام جیاوازییەكی زۆریش لەلایەنی پێكهاتەو ئامانجو قەبارەو سنورو بواری كاركردنیاندا هەیە[١]، ئەمەش وایكردووە پێناسەیەكی یەكگرتووی گشتگیر بۆ ڕێكخراوی ناحكومی نەبێت. بەوپێیەی كە دەستەو ڕێكخراو بەیەكەیەكی كۆمەڵایەتی ئامانجدار دادەنرێت، بۆیە پێكهێنانیشی پێویستییەكی كۆمەڵایەتییە، واتە پێكەوە كاركردنی مرۆڤەكانە بۆ سەلماندنی رۆڵی تاك لەناو كۆمەڵگەدا[٢]، لێرەوە پێناسەی كلاسیكی بۆ ڕێكخراو بریتییە لەسیستەمێكی كراوەی هەرەوەزی لەسەر بنەمای هاوكاری دوو كەس یان زیاتر بۆ هێنانەدی ئامانجێكی دیاریكراو دادەمەزرێت[٣].

سەبارەت بەڕێكخراوی ناحكومیش، كە پێكهاتەیەكە لەلایەن هاووڵاتییانەوە دادەمەزرێت بۆ بەشداریكرن لە هێنانەدی سوودە گشتییەكاندا[٤]، بۆ رەخساندنی ژینگەیەكی گونجاو بۆ كاری مرۆڤدۆستیو خۆبەخشی، هەتا هاووڵاتیان بەویستو بڕیاری خۆیان كاری تێدابكەن[٥]، واتە ڕێكخراوی ناحكومی بەپێچەوانەی سەندیكاو ڕێكخراوە

---

١- نورالدین علوش: المنظمات غیر الحكومیه ورهان حقوق الانسان، دار ناشری للنشر الالكتروني، (المغرب، ٢٠١١)، ص٦" یسری مصطفى: المنظمات غیر الحكومیة، ط٢، مركز القاهرة لدراسات حقوق الإنسان، ص٢٥.

٢- خلیل محمد حسن الشماع و خضیر كاظم حمود: نظریة المنظمة، دار المسیرة للنشر والتوزیع والطباعة، (عمان، ٢٠٠٠م)، ص١٧.

٣- مهدي زویلف، علي العضایلة: ادارة المنظمة، دار مجدلاوي للنشر والتوزیع، ط١، (عمان، ١٩٩٦)، ص١٠-١١.

٤- یسری مصطفى: م.س، ص١٣.

٥- علي احمد الطراح: العولمة، المنظمات غیر الحكومیة والمجتمع المدني، مجلة كلیة الانسانیات والعلوم الاجتماعیة- جامعة الكویت، العدد (٢٥)، ٢٠٠٢م، ص٥٧.

پیشـەییەکانەوە، بەرنامـەی کـارکردنو چـالاکییەکانی سـنوری ئەندامـەکانی تێدەپـەڕێنێت[٦]، بۆیـە دەکرێـت بڵـێین ڕێکخـراوی نـاحکومی دامەزراوەیـەکی قازانجنەویسـتە لـەدەرەوەی پێکهاتـەو دامـەزراوەی حکومـەت، کەلـەئاکامی ڕێککـەوتنی ئارزوومەندانـەی نێـوان چـەند هاووڵاتییـەك یـان چـەند دامـەزراوەو دەسـتەیەکی نـاحکومی هاوئامـانج دادەمەزرێت، بەمەبەستی ئەنجامدانی خزمەتکردنی هاووڵاتیانو کارکردن بۆ بەرژەوەندی گشتی[٧].

دەستەواژەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان زاراوەو ناوێکی نوێیەو پێش دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسـاڵی (١٩٤٥ز)دا دەرنەکـەوتووە، تەنانـەت ڕەشنووسـی یەکـەمی پەیماننامـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان هـیچ ئاماژەیـەکی بـۆ ڕێکخـراوی نـاحکومی نـەکردووە، بـەڵام بەهـەوڵو فشـاری چـەند دەسـتەو گروپێکـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ، کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکەی پێدامەزرا، زاراوەکە خرایـە ناو پەیماننامەکەوە[٨]، ئەمەش دانپێدانان بـوو بـەبوونی ئـەو دامەزراوانـەو پێـدانی مـاف راوێـژکارکردنبوو بـەڕێکخراوە ناحکومییەکان لەلایەن ئەنجوومەنی ئابووریو کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە[٩].

لەڕاستیدا بوونی کرداریی ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێش سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، بەڵام بە ڕێکخراوی نـاحکومی ناوزەند نەکراون، لەکۆنترین ئەو دامەزراوو ڕێکخراوانەش، ئاماژە بۆ ڕێکخراوی هاوڕێیانی کواکارس ( association des amis quakers) کە ساڵی (١٦٢٤ز) لە بەریتانیادا دامەزراوەو ڕێکخراوێکی ئایینی خێرخوازی بووە[١٠]، پاشان ڕێکخراوی (بەرەنگاربوونەوەی کۆیلایەتی جیهانی Anti-slavery International)یـە، کـە لەسـاڵی (١٨٣٩ز)دا لە بەریتانیا دامەزرا[١١]، دواتر ڕێکخراوی (ئەنجومەنی خاچی سوری نێودەوڵەتی ICRC) لەساڵی (١٨٦٣ز)دا دامەزرا[١٢].

---

٦- علي احمد الطراح: م، ن، ص٥٨" هيلاري بايندر- افيليس: دليل المنظمات غير الحكومية، مكتب برامج الاعلام الخارجي/ وزارة الخارجية الامريكية، (د.م، ٢٠١٢)، ص٣.

٧- خليفة بوزبرة: دور المنظمات غير الحكومية لحقوق الإنسان، مذكرة تخرج لنيل شهادة الماجستير غير المنشورة، مقدمة الى قسم علم الاجتماع/ كلية العلوم الإنسانية و الإجتماعية/جامعة الجزائر، ص٢٥-٢٦" جدو فؤاد: دور المنظمات غير الحكومية في النزاعات الدولية- أنموذج منظمة أطباء بلا حدود، مذكرة مكملة لنيل شهادة ماجستير في العلوم السياسية و العلاقات الدولية، غير منشورة، مقدمة الى قسم العلوم السياسية و العلاقات الدولية/ كلية الحقوق و العلوم السياسية/ جامعة محمد خيضر بسكرة، ٢٠١٠، ص٦١-٦٢، ٦٤.

٨- ڕەزا سیمبەر: ڕێکخراوە ناحکومییەکانو نفوزیان لەناو کۆمەڵگەی جیهاندا، و: ئیدریس شێخ شەرەفی، سەنتەری برایەتی، گۆڤارێکی وەرزی زانستییە، ژ (١٧)، پایزیی ٢٠٠٠، ل٨٨" يسرى مصگفى: م، س، ص١٦-١٧.

٩- يسرى مصطفى: م، ن، ص٢٠-٢١" المنظمات الاهلية والمجتمع المدني والمبادرات المدنية التطوعية، مركز الإنتاج الإعلامي/ جامعة الملك عبد العزيز، الإصدار الثامن عشر، ص٢٣. بەگوێرەی ئاماری ساڵی (٢٠٠٤)، (٢٥٣١) ڕێکخراو توانیویانە پلەی راوێژکاری لە ئەنجومەنەکەدا بەدەستبهێنن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (نصيرة صالحي: دور المنظمات الدولية غير الحكومية في عمليات بناء السلام- دراسة حالة منظمة أوكسفام، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية، غير منشورة، مقدمة الى قسم العلوم السياسية / كلية الحقوق و العلوم السياسية/ جامعة الحاج لخضر- باتنة، ٢٠١٣، ص٢٨).

١٠- جدو فؤاد: م. س، ص٥٧" نصيرة صالحي: م. س، ص٢٦. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: بابەتی ( Society of Friends – Quakers) لة ثيَطةي: http://mb-soft.com/believe/txc/quakers.htm

١١-اسماء مرايسي: ادارة المنظمات الدولية غير الحكومية لقضاياه حقوق الانسان، دراسة حالة: منظمة العفو الدولية، رسالة ماجستير غير المنشورة، مقدمة الى قسم العلوم السياسية/ كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة الحاج لخضر-باتنة، ٢٠١٢، ص٢٠" هيلاري بايندر- افيليس: م.س، ص٣. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:( http://www.antislavery.org/english/who_we_are/english/who_we_are/english/who_we_are/antislavery_international_today.aspx)

بەکارهێنانی دەستەواژەی ناحکومی بۆ جیاکردنەوەی ئەم ڕێکخراوانە بوو لە دامەزراوەکانی حکومەتو ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی لەلایەن دەوڵەتانەوە دامەزرابوونو دادەمەزرێنرێن، هەر ئەمەش وایکرد لە (٢٧/٢/١٩٥٠ن)داو لەبڕیاری ژمارە (٢٨٨)ی ئەنجومەنی ئابووریو کۆمەڵایەتی (ECOSOC) نەتەوەیەکگرتووەکاندا ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی بەوە پێناسەبکرێت کە: بریتییە لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کەبەگوێرەی پەیماننامەو ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی دانەمەزراوە[١٣].

یەکەم دیدگەیەك بۆ ماف مرۆڤ لەلایەن چالاکوانانو ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە لەلایەن (ج. ویلز)ی نووسەری بەریتانیو بەڕێوەبەری ڕێکخراوی (PEN)ەوە هاتەئاراو وروژێنرا، کە تایبەتبوو بە ئازادی ڕادەربڕین، کە دوای مانگێك لەهەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی، دەستیکرد بە هەڵمەتێکی بانگەشە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك بەلای مافەکانی مرۆڤداو لەوتارێکیدا بۆ ڕۆژنامەی تایمز جاڕنامەی بنەماکانی ماف مرۆڤی بڵاوکردەوە، هاوکات لەساڵی (١٩٤٠ن)دا پەرتوکێکی بەناونیشانی (ماف مرۆڤ یان ئەوە چییە کە لەپێناویدا دەجەنگین؟) نووسی، کە لە (٤٨) دەوڵەتدا چاپکرایەوەو بۆ چەندین زمان وەرگێڕدرا[١٤].

بەهۆی ململانێی ئایدۆلۆژیو جەنگی ساردەوە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ڕێکخراوە ناحکومییەکان دووچاری سستیو دابەشبوون بوونەوە، بەڵام دوای کۆتاهاتنی جەنگی ساردو شکستهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکان زیادیکردو ژمارەیان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد، ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی (١٩٩٩ن)دا ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ئەمەریکا بە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دادەنێت[١٥]، تەنانەت لەدوای کەمتر لە پێنج ساڵ لەهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ڕوسیادا گەیشتە نزیکەی (٦٥,٠٠٠)، لە هیندستان ژمارەیان گەیشتە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن، سوید زیاتر لە (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار، بەڕازیل (٢١,٠٠٠) بیستو یەك هەزار[١٦]، کە تەنها لە پاریسدا (١١٠٢) ڕێکخراوو لە برۆکسل (٩١١)و لە لەندەن (٦٢٢) ڕێکخراوی کارا هەیە[١٧]. لەوڵاتانی عەرەبیشدا ژمارەی ڕێکخراوەکان زیادیکرد، لەساڵی (٢٠١٢ن)دا ژمارەی ڕێکخراوە تۆمارکراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە مەغریب گەیشتە (٩٠,٠٠٠) نۆ هەزار ڕێکخراو، یەمەن (٩,٠٠٠)، ئوردون (٣,٠٠٠)، میسر (٣٧,٠٠٠)، بەڵام لەعێراقدا ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومییە تۆمارکراوەکان لەکۆتایی هەمان ساڵدا بریتیبوون لە (١,٢٦٣) ڕێکخراو[١٨]. لەهەرێمی کودستانیشدا بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕاپۆرتی (ASK بۆ: مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ساڵی ٢٠٠٠)، لەم ساڵەدا ژمارەی ڕێکخراوو سەندیکاکانی زۆنی زەرد (٧٢) ڕێکخراوو سەندیکایە، ژمارەی ئەوانەی

١٢ – https://www.icrc.org/eng/who-we-are/history/overview-section-history-icrc.htm

١٣– مركز الإنتاج الإعلامي: م. س، ص٢٣.

١٤– جدو فؤاد: م. س، ص٧٤.

١٥ – جدو فؤاد: م. ن، ص٦٠.

١٦– علي احمد الطراح: م. س، ص٦٦–٦٧" المنظمات الاهلية والمجتمع المدني والمبادرات المدنية التطوعية، مركز الإنتاج الإعلامي/ جامعة الملك عبد العزيز، الإصدار الثامن عشر، ص١٢.

١٧ – نصيرة صالحي: م. س، ص٢٧.

١٨– تقرير استدامة منظمات المجتمع المدني لعام٢٠١٢ لمنطقة الشرق الأوسط وشمال أفريقيا، وُضع التقرير بواسطة: الوكالة الأمريكية للتنمية الدولية، مكتب الديمقراطية والنزاعات والمساعدات الإنسانية، مركز الامتياز للديمقراطية وحقوق الإنسان والحكم، دائرة الشرق الأوسط، ص٥، ٢١.

زۆنـی سـەوزیش (١٠٨) ڕێکخـراوو سـەندیکا بـووە[١٩]، بـەڵام لەسـاڵی (٢٠١٢)دا ژمـارەی ڕێکخـراوە ناحکومییـە تۆمارکراوەکان گەیشتۆتە (٦٠٠) ڕێکخراو[٢٠].

سەبارەت بەزیادبوونی ژمـارەی ڕێکخـراوە ناحکومییـە نێودەوڵەتییـەکانیش، لـەکۆتایی جـەنگی جیهـانی یەکەمـدا ژمارەیان بە (١٧٦) ڕێکخراو خەملێنراوە، بەڵام ئەم ژمارەیە لەساڵی (١٩٥٠)دا گەیشتۆتە (١,٠٠٠)و لـە (١٩٧٠ز)دا بـۆ دوو هێندە زیادیکردووە، ئێستاش زیاتر لە (٢٥,٠٠٠) ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی بوونی هەیە[٢١].

ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان تـەنها بـە زۆربـوونی ژمارەیـان دەرنەکـەوتن، بـەڵکو بـەکارو چـالاکییەکانیان توانیـان پێویسـتی بـوونی خۆیـان بسـەلمێننو بەهـەوڵو کۆششـی ئـەوان چـەندین پەیماننامـەو جاڕنامـەو ڕێککەوتننامـەی نێودەوڵەتی لەبەرژەوەنـدی مافـەکانی مـرۆڤ لـەدایکبوون، بۆنموونـە لەسـاڵی (١٩٧٩ز)دا ڕێککەوتننامـەی نەهێشـتنی جۆرەکـانی هـەڵاواردن دژی ژنـان (CEDAW) هاتـەئاراو لەسـاڵی (١٩٨١ز)دا کـاراکرا. ڕێککەوتننامـەی دژی ئەشکەنجەدان لەساڵی (١٩٨٤ز)دا هاتـەئاراو لەسـاڵی دواتـردا خرایـەکار، ڕێککەوتننامـەی مافـەکانی منـداڵ (CRC) لەساڵی (١٩٨٩ز)دا هاتـەئاراو سـاڵی دواتـر کـاراکرا[٢٢]. هـەروەها بـەکۆتاهاتنی جـەنگی سـارد ڕێکخراوەکـان گەیشـتنە ئەوەی بتوانن کۆنگرەی نێودەوڵەتی گرێبدەن بۆ تاوتوێکردنی سکاڵاکانی تایبەت بەپێشێلکردنی ماف مرۆڤ، بۆنموونـە لەساڵی (١٩٩٠ز)دا (١٥٠٠) ڕێکخراوی ناحکومی لە کۆنگرەی ڤییەنادا بەشداربوون بـۆ تـاوتوێکردنی نزیکـەی (٣٠,٠٠٠) سکاڵا سەبارەت بە فراندنی تاکو پێشێلکارییەکانی ئازادی ڕادەربڕینو جیاکاری ڕەگەزییو ڕەگەزپەرستی[٢٣]. تەنانەت هەنـدێك ڕێکخـراوی نـاحکومی نێودەوڵـەتی بـەهۆی کـارە مرۆییەکانیانـەوە ئاسـتیان گەیشـتە ئـەوە خـەڵاتی نۆبـڵ بەدەستبهێنن، بۆ نموونە ڕێکخراوی (پزیشکانی بێسنوور) لەساڵی (٢٠٠٠ز)دا ئەم خەڵاتەی وەرگرت[٢٤].

هەتا ئەم ساتەش گرنگیو بایـەخی ڕێکخراوەکـان لەسـەر ئاسـتی دەوڵەتانـدا ڕوو لەزیادبوونـە، بەتایبـەتی لـەلای حکومەتەکان، چونکە بەهۆی دووربوونی ڕێکخراوەکان لە ڕۆتـینو بـەڕێوەبردنی کلاسـیکی، وایکـردووە حکومەتـەکان زیاتر پشتیان پێببەستن[٢٥]، (کوفی ئەنان) ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەنێوان ساڵانی (١٩٩٧-٢٠٠٦)دا، ئەم ڕۆڵەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لەلێدوانێکیدا لە ئیتاليا ئاماژەپێداو ڕایگەیاند:"ئێمە لەقۆناغێکدا دەژین کە ئەوە نەماوە تەنها دەوڵەتان هەژموونیان بەسەر کاروبارە نێودەوڵەتییەکانەوە هەبێت، بەڵکو چەندین لایەنی دیکە بەشدارن لەگەڵ دەوڵەتەکاندا، وەك: ڕێکخراوە ناحکومییـەکان، پەرلەمانـە نیشـتمانییەکان، کۆمپانیـا، دەزگاکـانی ڕاگەیانـدنو زانکۆو..."[٢٦].

---

١٩ – ڕاپۆرتی ASK بۆ: مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ساڵی ٢٠٠٠)، چ١، چاپخانەی شڤان، (ب،ش، ٢٠٠١)، ل٢٠-٢١، ٢٧-٣٣.

٢٠– تقرير استدامة منظمات المجتمع المدني لعام٢٠١٢ ، ص٢١.

٢١– جدو فؤاد: م. س، ص٦٠.

٢٢– أنتوني وودیوس: حقوق الإنسان من منظور عصري، ت: عمار محمد أحمد المغربي، دار الفجر للنشر والتوزيع، (القاهرة، ٢٠٠٧)، ص١٧٧" جدو فؤاد: م،س، ص٧٥.

٢٣– جدو فؤاد: م. س، ص٧٥-٧٦.

٢٤– جدو فؤاد: م. ن، ص٦٠" نصيرة صالحي: م. س، ص٣٠.

٢٥– علي احمد الطراح: م. س، ص٦٨.

٢٦ – خطاب الأمين العام كوفي عنان، ايطاليا، ١٩٩٧ وةرطيراوة لة ثيَطةي ئةلةكترؤني: www.UN.org/arabic/NGO/bwcgure.htm بةرواري (١٩٩٩/٢/١٧) بلاَوكراوةتةوة.

باسی دووەم: سەرهەڵدانی ڕێكخراوە ناحكومیەكان لەنێوان ڕاپەڕینو ڕوخانی ڕژێمی بەعسدا (١٩٩١-٢٠٠٣).

دەتوانین سەرهەڵدانو دامەزراندنی ڕێكخراوی ڕێكخراوی ناحكومی خۆماڵی بۆ پێش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١ز) بگێڕینەوە، كە چەند ڕێكخراوێكی كوردیو كوردستانی بۆ مەبەستی بەهاناوەچوونی خەڵكی لێقەوماوو ئاوارەی كوردستان دامەزران، بەڵام ئەم ڕێكخراوانە یان لە هەندەران یاخود لەناوچەكانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگەی حزبە سیاسییەكانی كوردستان دامەزران، باروذۆخو پاڵنەرو پێگەی دامەزراندنی ئەم ڕێكخراوانە چەند جیاوكێكی بەم ڕێكخراوانە بەخشیوە، وەك ئەوەی ئەم ڕێكخراوانە زیاتر لەلایەن ئەندامانی حزبەكانو ڕێكخستنی ئەم حزبانەوە لە هەندەران یان لە شاخ، دامەزرێنران، ئەمەش وایكرد كە ئاڕاستەكردنی كاری ئەم ڕێكخراوانە بەتەواوی لە چوارچێوەی ئامانجو هەژموونی حزبی دامەزرێنەریدا بێت، واتە وەك سێبەری حزبەكە دەركەوتنو ناسران. جیاوكێكی دیكەیان ئەوەیە لە ڕووی ئامانجەوە زیاتر هەڵگری ئامانجی خزمەتگوزاریو فریاكەوتنی خەڵكی بێدەرەتانو ئاوارەی دەستی سوپای ڕژێمی بەعس بوون، بەتایبەتیش لەكارەساتی ئەنفالو كیمیابارانكردنی هەڵەبجە لەساڵی (١٩٨٨ز)و كۆڕەوەكەی خەڵكی هەرێمی كوردستان لەبەهاری ساڵی (١٩٩١ز)دا بەگوێرەی توانای خۆیان توانیان ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووە، بەمجۆرە دەتوانین بڵێین ئەو ڕێكخراوانەی پێش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١ز) دامەزران، ئامانجو كاری سەرەكییان ڕاستەوخۆ بۆ بابەتەكانی هۆشیارییو پەرپێدانی كۆمەڵگەی مەدەنی نەبووە، هێندەی بۆ مەبەستی مرۆڤدۆستیو فریاگوزارییو لایەنی نەتەوایەتی بووە، بێگومان ئەمەش پاڵنەری سەرەكی كاركردنیان بوو، ناوی ڕێكخراوەكانیش نیشاندەرو سەلمێنەری ئەم بۆچوونەن، دیار ئەمەش بۆ ئەو قۆناغە كارێكی هەنوكەییو پێویست بوو.

هەروەها جیاوكێكی دیكەی ئەم ڕێكخراوانە كەمی ژمارەیان بووە، كە كەمترن لە ژمارەی پەنجەكانی یەك دەست، لەنموونە دیارەكانیشیان بریتین لەڕێكخراوەكانی (دەزگای تەندروستی كوردستان ١٩٨٤ /KHF)و (كۆمەڵەی فریاكەوتنی كوردستان ١٩٨٨ /KRA)[٢٧].

تەوەری یەكەم: ڕاپەڕینو سەرهەڵدانی ڕێكخراوە ناحكومییەكان لەهەرێمی كوردستاندا.

سەرهەڵدانی ڕاستەقینەی ڕێكخراوە ناحكومییەكان لەهەرێمی كوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی (١٩٩١)، كاتێك نەتەوە یەكگرتووەكان لە ڕۆژی (١٩٩١/٤/٥)دا بڕیاری (٦٨٨)ی دەستەبەركردنی ناوچەی ئارامی دەركرد[٢٨]، بەمەش حكومەتی عێراق ناچاركرا ڕێگەوالأبكات بۆ هاتنی ڕێكخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەكان، هاوكات سوپای عێراقی لە (١٥/ ٧/ ١٩٩١)دا لەناوچەیەكی زۆری هەرێمی كوردستان كشایەوە[٢٩]، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە ڕۆژی (٢٤/١٠/ ١٩٩١)دا ڕژێمی بەعس بڕیاریدا بەكێشانەوەی دامودەزگا میرییەكان لەناو خاكی ئازادكراوی

---

٢٧ - چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێز (عگا محمد) دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری پێشووی ڕێكخراوی (CDO)، لەڕێككەوتی (٢٠١٥/١٢/٢٤)دا.

٢٨ - رشيد عمارة الزيدي و يوسف محمد صادق: المعارضة السياسية في اقليم كوردستان العراق، النشأة والمستقبل، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، (د.م، ٢٠١٢)، ص٤" سیار محمد ساڵح: خوێندنەوەیەكی شەڕی ناوخۆی كوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ (٢)، ئەیلولی ١٩٩٧، ل٢٤" محمد احسان: كوردستان ودوامة الحرب، ط٢، دار ئاراس للطباعة والنشر، (اربيل،٢٠٠١)، ص٦٣.

٢٩ محمد احسان: م.ن، ص٨٠-٨١، ٢١٤.

هەرێمدا بۆ ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆی[٣٠]، بەماوەیەكی كەم دامەزراندنی رێكخراوی ناحكومی دەستپێكرد، لەكاتێكدا پێشتر دامەزراندنی ئەم رێكخراوانە كارێكی رێگەپێدراو نەبوو، بەڵام بەكشانەوەی كارگێڕیی حكومەتی ناوەندی (بەعس) دەرفەت والأبوو بۆ دامەزراندنی رێكخراوی ناحكومی، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان/ عێراق لە (٢٥/١٠/١٩٩٣)دا یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی (١٩٩٣)ی كۆمەڵەكانی لەهەرێمی كوردستان دەركرد[٣١]، ئەمەش وایكرد رێكخراو گەلێكی زۆر (بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی رێكخراوەكانی قۆناغی پێش راپەڕین) لە هەرێمدا دابمەزرێن، تەنانەت هەرێمی كوردستان بووبە پێگەیەكی ئازاد بۆ لەدایكبوونی رێكخراوی عێراقی، بۆنموونە لە ساڵی (١٩٩٢ن)دا كۆمەڵەی هیوای عێراقی لە هەرێمی كوردستاندا دامەزرا[٣٢]. هاوكات رێكخراوەكانی قۆناغی پێشتر بنكەو نووسینگەكانی خۆیان گواستەوە بۆ شارە سەرەكییەكانی هەرێم.

ژینگەی سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابوری هەرێمی كوردستان كاریگەریی زەقو ئاشكرای لەسەر شێوەی دامەزراندنو كارو ئامانجی ئەم رێكخراوانە هەبوو، بەهۆی رەخسانی كەشێكی ئازاد، جگە لە حزبەكان، كەسانێكی سەربەخۆو ناحزبیو تەنانەت كەسانی حزبیش لە دەرەوەی بازنەی حزب توانیان رێكخراو دابمەزرێنن، هاوكات بازنەی كارو چالاكی ئەم رێكخراوانە زیاتر لەبواری ئاوەدانكردنەوەو بیناكردنەوەدا بوو، چونكە لەلایەك پێویستبوونی خەڵك لەم قۆناغەدا بەخزمەتی فریاگوزاریو بوونی گەمارۆی ئابووری دوولایەنە لەسەر هەرێمی كوردستان، لەلایەكی دیكەش رێكخراوە نێودەوڵەتییە بەخشەرەكان، لەسەر هەمووشیانەوە رێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان، بەهیچ چالاكییەكی دیكەیان جگە لەچالاكی فریاگوزاری ئەنجامنەدەدا، بۆیە دەتوانین بڵێین تەنانەت تێگەیشتنو وێناكردنی چالاكوانو ئەندامانی رێكخراوەكانیش بۆكاری رێكخراوەیی تەنها وێنایەكی كاری فریاگوزاری بوو[٣٣]، ئەمەش تەنانەت لەناوی زۆربەی ئەو رێكخراوەنەدا رەنگیداوەتەوە كەلەم ماوەیەدا دامەزران، وەك رێكخراوەكانی: كۆمەڵەی ئاوەدانكردنەوەو گەشەپێدانی كوردستان KURDS/[٣٤]، پرۆژەی گوندە بچوكەكانی زاخۆ/ ZSVP، هەرەوەزیو ئاوەدانكردنەوەی كوردستان/CORK لە هەمان ساڵدا دامەزران[٣٥]، رێكخراوی گەشەپێدانی ئابوری كوردستان

---

٣٠ – سیار محمد سالح: س.پ، ل٢٤.

٣١ – بۆ دەقی یاساكان، بڕوانە: (رێكخراوی تواناسازی لاوان: بلاوكراوەی (NGO)، ژ (١،٢)، ئابریلی ٢٠١٠، ل٢٠-٢٣).

٣٢ – منظمات المجتمع المدني في العراق، منشور في http://www.niqash.org/ar/articles/society/٢٢٥٧" راثۆرتي ASKبۆ: ل١١٨. هەرچەندە توێژەرێك بۆچوونی وایە كەیەكەم كاری رێخراوەیی عێراقی لەدەرەوەی عێراق لە (٢٨/١٢/٢٠٠٢)دا بووە، بۆ ئەمەش دامەزراندنی (رێكخراو لەپێناوی كۆمەڵگەی مەدەنیو دیموكراتییەتدا) دەكاتە بەڵگە، بڕوانە: ( كوثر عباس الربيعي: المجتمع المدني في العراق..المفهوم والتطبيق، مجلة دراسات دولية، العدد (٢٧)، ص٨)، بەڵام ئەم بۆچوونە لەجێگەی خۆیدا نییەو لەگەڵ زانیارییە مێژووییەكانی تایبەت بە رێكخراوە ناحكومییەكان، پێچەوانە، هاوكات دەمارگیریی نەتەوایەتی بەبۆچوونەكەوە دیارە، كە خۆی لەمێژوی كاری رێكخراوە كوردستانییەكان لاداوەو بەرێكخراوی عێراقی ئەژمارنەكردوون.

٣٣ – عبدالسلام مدني: دور منظمات المجتمع المدني في تنمية الشباب، منشور ضمن: كۆنفرانسی زانستی گەشەپێدانی تواناكان لەسەردەمی گۆڕانكارییەكاندا، هەرێمی كوردستانی عێراق، چاپخانەی پەیوەند، چ١، (سلێمانی،٢٠١٢)، ص٣٧-١٣٨.

٣٤ – بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: پێرستی رێكخراوەكان، ئایار/٢٠٠٨، وەزارەتی پلاندانان، ل٨-٩" ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٨)، ساڵی (٤)، (ئاداری ٢٠٠٦)، ل٦.

٣٥ – بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل١٨" گۆڤاری (IKNN)، ژ (٥)، ساڵی (٢)، (هەولێر، مایسی ٢٠٠٧)، ل٢.

KEDO، كۆمەڵەی ئاوەدانكردنەوەی گوندەكانی كوردستان/ KVRA لە (١٩٩٤)دا[٣٦]، هەروەها لەساڵی (١٩٩٥)یشدا رێكخراوەكانی ئاوەدانكردنەوەو گەشەپێدانی كوردستان/KURDO دامەزران[٣٧].

لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین بڵێین كاری رێكخراوەیی لەم قۆناغەدا هەر لەم بوارەدا قەتیس مابوو، بەڵكو هاوكات بەشی فریاگوزاریو هۆشیاریشی لەخۆگرتبوو[٣٨]، ئەمەش زیاتر لە بواری هۆشیاریی تەندروستیو هۆشیاركردنەوە لە مینو تەقەمەنیو هەڵگرتنەوەی مینو دابەشكردنی خواردەمەنیدا خۆی دەبینییەوە، بۆ نموونە لەم بوارەدا رێكخراوی ( كۆمەڵەی رۆژ بۆ خزمەتكردنی هاندیكاپ لەكوردستان (١٩٩١)دا دامەزرا[٣٩]. هەروەها لەساڵی (١٩٩٥)یشدا رێكخراوی ئاوەدانكردنەوە، فێركردنو تەندروستی كۆمەڵ/REACH دامەزرا[٤٠]. هاوكات رێكخراوەكانی قۆناغی پێشتر تاڕادەیەكی زۆر توانیان لەسەر ئامانجو كارو چالاكییەكانی خۆیان بەگۆڕانكارییەكی كەمەوە بەردەوام بن.

هەرچەندە لەڕووی كارو پێكهاتەو ئەزموونەوە رێكخراوەكان لەم قۆناغەدا هێشتا لە فۆرمەڵەبووندا بوون، بەڵام هەڵوێستی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە رژێمی بەعسو سەپاندنی گەمارۆی ئابوری بەسەر عێراقدا، پاشان سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لەلایەن حكومەتی عێراقییەوە بەسەر هەرێمی كوردستاندا، وایكرد كە وڵاتانی رۆژئاواییو رێكخراوە نێودەوڵەتییە بەخشەرەكانو رێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان بە هاوكاریو یارمەتییەكی دارایی زۆرەوە ڕووبكەنە ناوچە ئازادكراوەكانی هەرێمی كوردستانو لەبوارە جیاوازەكاندا هاوكاریو پاڵپشتی ئاوەدانكردنەوە بكەن، ئەمەش پاڵنەری سەرەكی بوو بۆ پەرەسەندنی كاری رێكخراوەیی خۆماڵی لەم قۆناغەداو پتەوكردنی پێگەی رێكخراوە خۆماڵییەكان، بەڵام هاوكات بوونی ئەو لێشاوە پارەیەی رووی كردە هەرێم هۆكاربوو هەتا حزبو كەسانی باڵای حزبەكانو كەسانی دیكە هەوڵبدەن رێكخراو دابمەزرێنن[٤١]، ئەمەش نەك بە مەبەستو ئامانجی كاری مەدەنیو هێنانەدی مافەكانی مرۆڤو ئازادی سیاسیو بیروراو رادەربڕینو گەشەپێدانی كۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵكو زیاتر بەمەبەستی سیاسیو قازانجی مادی لە پرۆژەكانی ئاوەدانكردنەوەی ناوچەو شارۆچكەو گوندەكانی هەرێم، واتە زیاتر ئەمە پاڵنەری سەرەكی كاركردنیان بوو، ئەم دیاردەیەش لەبەشێكی زۆری ئەو وڵاتانەدا روویداوەو روودەدات كە دەبنە گۆڕەپانی چالاكی رێكخراوە نێودەوڵەتییە بەخشەرەكان، تەنانەت لەلایەن حكومەتەكانەوە رێكخراو گەلێك بەناوی رێكخراوی ناحكومییەوە دادەمەزرێنرێنو ئاڕاستەدەكرێن جا بەمەبەستی سوودوەرگرتن بێت لەو پارەو كۆمەكییەكەی بۆ پرۆژەی رێكخراوەكان تەرخاندەكرێت، یان بۆ هێنانەدی بەرنامەی سیاسی دیاریكراو[٤٢]. ئەم وێنایەش وایكرد لەلای بەشێكی زۆر لە هاووڵاتیانی هەرێم، رێكخراوەكان وەك كۆمپانیاو بەڵێندەر بناسرێنو

---

٣٦ - ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٤)، ساڵی (١)، (ئایاری ٢٠٠٣)، ل٩" ژ (٨)، ساڵی (٣)، (كانونی دووەمی ٢٠٠٤)، ل٦" منظمات المجتمع المدني في العراق، منشور في ٢٢٥٧/http://www.niqash.org/ar/articles/society.

٣٧ - بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل٧،١٣" ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٤)، ساڵی (٤)، (ئازاری ٢٠٠٥)، ل٧" ژ (١٩)، ساڵی (٥)، (حوزەیرانیی ٢٠٠٦)، ل٦.

٣٨ - عبدالسلام مدني: م .س، ص١٣٨.

٣٩ - بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل٨-٩" ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٨)، ل٦.

٤٠ - بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل٧، ١٣" ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٤)، ل٧" ژ (١٩)، ل٦.

٤١ - ئاسۆ سەراوی (ئامادەكردن): رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی رەخنەی زۆر دەگرن، بەڵام كەمو كوڕییەكانی خۆیان نابینن، رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٣٦٥)، رۆژی (٢٠١٣/٣/١٩)، ل٩" ئەمجەد محمد عبدالله: رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لەبەردەم حزبیبوونو كارابووندا، پرۆژە، گۆڤارێكی لاوانەی گشتییە، سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان، ژ (٢)، ئازار/ ٢٠٠٨، ل٢-٣.

٤٢- مركز الإنتاج الإعلامي: م. س، ص٨.

دەربکەونو تێڕوانین گۆڕا بۆ ئەوەی کە جیاوازی لەنێوان ئەم دووانەدا تەنها لە گۆڕانی ناوەکانیاندا بووە لە بەڵێندەرو کۆمپانیاوە بۆ ڕێکخراو، لایەنی یەکەمیش، واتە سەرچاوەی دابینکاری تێچوونیش لەدەزگاکانی میرییەوە بوو بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە بەخشەرەکان، لەڕاستیدا ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پشکی گەورەیان بەردەکەوێت لە بەلاڕێدابردنی مەبەستو شێوازی جێبەجێکردنی چالاکی ڕێکخراوەکانو بەلادابردنی ژمارەیەک لە ڕێکخراوە خۆماڵییەکانو هێنانەئارای ئەم تێڕوانینە سلبییەی خەڵک بۆ ڕێکخراوی ناحکومی.

هەرچەندە لەم ماوەیەدا ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لەیادی (٤٣)یەمین ساڵڕۆژی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی لە (١٩٩٢/١٢/١٠)دا لە هەولێر ئەنجامدا[43]، هاوکات ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان/ KSC(١٩٩١)دا دامەزرا[44]، بەلام ئەم ڕەوشەی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمدا وایکرد بوارەکانی مافی مرۆڤ تاڕادەیەکی زۆر لەم قۆناغەدا فەرامۆشبکرێتو بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدرێتو ڕێکخراوەکان زیاتر سەرقاڵی کاری کۆمپانیاکانی بیناسازیو ئاوەدانکردنەوەبن هەر لە نۆژەنکردنەوەو دروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی هەتا دەگاتە پرۆژەی ڕێگاوبانو پردو و ئاوو ئاوەڕۆ، بەمجۆرەش لایەنی هۆشیاریی سەبارەت بە چەمکەکانی مافی مرۆڤو ئازادیو کۆمەڵگەی مەدەنی جێگەی بایەخی پێویستو کاری ڕێکخراوەکان نەبوون، باشترین بەڵگەش بێ هەڵوێستیو ڕۆڵنەبوونی ڕێکخراوەکانی ئەم قۆناغەیە لە شەڕی ناوخۆی نێوان حزبە سیاسییەکاندا، بەڵکو ڕەنگدانەوەی حزبیبوونی ڕێکخراوەکان وایکرد کە بەشی زۆری ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەسەر هەردوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی دابەشبنو نەتوانن کار لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حزبی بەرانبەردا بکەن. ئەم دابەشبوونە نەک تەنها ڕێکخراوەکانی ناوخۆی هەرێمی گرتەوە، بەڵکو ڕێکخراوە کوردییەکانی هەندەرانیشی گرتەوە، بۆ نموونە ژنە چالاکوانێکی کەنەدی بەئاشکرا باس لەدابەشبوونی سیاسیو حزبی ڕێکخراوە کوردییەکان لەکەنەدادا دەکات[45]، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆر لە ڕێکخراوەکان سەر بەیەکێک لەم دوو حزبە یان کەسانی باڵای ئەم دوو حزبە بوون، بۆ نموونە لە (٦٢) ڕێکخراوی خۆماڵی لەسنوری پارێزگەی سلێمانیدا، کەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی لە ئایاری (٢٠٠٨)دا زانیارییەکانیان خراوەتەڕوو، زانیارییە سادەکانی (٢٩) ڕێکخراویان ئاماژەدەرن بۆ نزیکیان لە حزبێک لەحزبەکان[46]، لەگەڵ ئەوەشدا ئیفلیجکلردنی سەندیکاکان لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە، وایکرد ڕێکخراوەکان ببنە جێگەی هیوای بەشێک لەهاووڵاتیان، هەروەک سەرۆکی یەکێتی سەندیکاکانی کوردستان لەشاری هەولێر دەڵێت:" هەر لەساڵی ١٩٩٢ەوە بەشێوەیەکی بەرەییو سازان لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا پێکهاتووە"، هەروەها لاوازی سەندیکای کرێکاران بەئەندازەیەکە کە ناتوانێت بەمەبەستی بەدواداچوونی پێشێلکارییەکانو ئاگاداربوون لەڕەوشی شوێنی کاری کرێکاران، سەردانی شوێنەکانی

---

٤٣ – ڕاپۆرتی ASKبۆ: ل١١٤، ١١٨.

٤٤ – بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل٨-٩" ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٨)، ل٦.

٤٥ – دلیر ابراهیم (معد اللقاء): الناشطة الكندية ايمي بال في المنظمة الكندية الكردية للصداقة، گۆڤاری (IKNN)، ژ (١٣)، ساڵی (٤)، (هەولێر، ئابی ٢٠١٠)، ل٤٣.

٤٦ – بۆ زانیارییەکان، بڕوانە: (بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: پێڕستی ڕێکخراوەکان، ئایار/٢٠٠٨، وەزارەتی پلاندانان).

كاركردن، بەڵكو دەبێت لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتیدا ئەم سەردانانە ئەنجامبدات[٤٧]، وەك دەردەكەوێت عەقڵیەتی رێكخراو لەهەرێمی كوردستاندا بەنەفەسێكی حزبی مامەڵەی لەگەڵدا كرا، دەكرێت وێنای ئەمەش لە ناونانی یەكەم یاسای هەرێمی كوردستانی تایبەت بەكاری رێكخراو، بەناوی یاسای كۆمەڵەكان لەهەرێمی كوردستانی عێراق، ببینین، كە رێكخراوی ناحكومیش لەڕیزی كۆمەڵەو سەندیكا حزبییەكان دانراوە[٤٨]، بۆیە بۆهەمان مەبەست هاوشێوەی رێكخراوە پیشەییو سەندیكاكان، بەشی زۆری رێكخراوە ناحكومییەكانیش بەحزبیكران، دەتوانین بڵێین بوونی پۆستی لێپرسراوی رێكخراوە NGOكان لە مەكتەبی رێكخراوەكانی حزبەكاندا[٤٩]، باشترین بەڵگەیە بۆ گرێدراوی زۆرینەی رێكخراوە ناحكومییەكان بە حزبە سیاسییەكانەوە.

ئەو رێكخراوانەشی كە تارادەیەك سەربەخۆبوون، بەناچاری سنوری چالاكییەكانیان بەرتەسك بووبووەوە بۆ ئەو ناوچەیەی كە ئۆفیسی سەرەكییانی لێبوو، چونكە لەتێڕوانینی حزبی دەسەڵاتداری زۆنەكەی دیكەدا هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا كراو ئەگەر بیانویستایە چالاكییەك لە ناوچەكەی دیكە ئەنجامبدەن ئەوا بەرەورووی كۆسپی زۆر دەبوونەوە. هاوكات زۆر لە رێكخراوەكان بەمەبەستی خۆڕزگاركردن لە فشار یان ئاسانكردنی پرۆسەی مۆڵەت وەرگرتن، هەوڵیانداوە كەسانێكی حزبی دیارو ناسراو بۆ ئەندامێتی دەستەی دامەزرێنەرو باوەڕپێكراوان دیاریبكەن، تەنانەت هەندێك رێكخراو بۆ تیمی جێبەجێكردنییش ئەمكارەی كردووە، ئەمەش وایكرد ئەگەر رێكخراو گەلێكیش لە كرۆكو كارو پەیامدا سەربەخۆش بووبن، بەڵام لە توێكڵدا حزبی دەربكەون، دیارە ئەم رەوشەش لەلایەك كۆسپێكی گەورەبوو لەبەردەم گەشەكردنی كاری راستەقینەیی رێكخراوی ناحكومی لە هەرێمدا، لەلایەكی دیكەش زۆربوونو كارابوونی رێكخراوی سەربەخۆی زیاتر دواخست.

تەوەری دووەم: سیمای كاری رێكخراوەكان لەدوای (٣١ی ئابی ١٩٩٦) هەتا روخانی رژێمی بەعس (٢٠٠٣).

لەگەڵ ئەوەی ناتوانین كاتێكی دیاریكراو بۆ كۆتایی قۆناغی یەكەمی كاری رێكخراوەییو دەستپێكردنی قۆناغی دواتر دیاریبكەین، بەڵام دەكرێت وەك خاڵی نێوەند رووداوی (٣١/ ئاب)ی ساڵی (١٩٩٦) بە جیاكەرەوە دابنێین، چونكە سەرەتای ئەم قۆناغە كشانەوەی بەشێكی زۆری لە رێكخراوە نێودەوڵەتییە بەخشەرەكانی بەخۆوەبینی، ئەمەش دوو دیاردەی سەرەكی لە كاری رێكخراوەكان بەدوای خۆیدا هێنایەئاراوە، یەكەمیان ئەوەبوو كە وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمەریكا توانی زۆرینەی زۆری كارمەندە خۆماڵییەكانی رێكخراوە بیانییەكان رابكێشێتو وەك پەناهەندە وەریان بگرێت، ئەمەش وایكرد توانایەكی زۆری رێكخراوەیی بچێتە دەرەوەی هەرێمو رێكخراوە خۆماڵییەكانی لێبێبەش ببێت، دیاردەی دووەمیش ئەوەبوو كە بەشێك لەو كادێرانەی ئامادەنەبوون بەرەو هەندەران برۆنو ئەوانەشی فرسەتی رۆیشتنیان بۆ نەرەخسا لەڕووی رێكخراوەییەوە ئاوارەبوون، بەشێكیان نەیانتوانی بەهۆی كەمی موچەوە یان بەهەر هۆیەكی ترەوە ئامادەنەبوون لە رێكخراوە خۆماڵییەكاندا كاربكەن، هەندێكیشیان بۆخۆیان رێكخراویان دامەزراند.

---

٤٧ – رێكخراوی مەسەلله بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەكانو رێكخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت: راپۆرتی رەوشی مافەكانی كرێكاران لەعێراقو هەرێمی كوردستاندا ٢٠١١–٢٠١٢، ل٤٢–٤٣.

٤٨ – ئارام جەمال: رۆڵی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیو بەشداری سیاسی ئافرەتانو گەنجان، گۆڤاری گەنجانە، ژمارە (٢)، ئازاری ٢٠٠٨، ل٩.

٤٩ – رێكخراوی گەشەپێدانی دیموكراسی (DDO): چالاكییەكانی رێكخراوی گەشەپێدانی دیموكراسی ٢٠٠٢–٢٠٠٤، (ب.ش. س)، ل١٦.

سیمایەکی دیکەی ئەم قۆناغە لە رووی رێکخراوە بەخشەرەکانەوە ئەوەیە کە بەشی هەرەزۆریان رێکخراوی ئەورووپی بوون زیاتر لەوەی ئەمەریکی بن، واتە سەرچاوەی پاڵپشتی زۆربەی پرۆژەی رێکخراوە خۆماڵییەکان ئەورووپی بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەندێك رێکخراوی خۆماڵی ولآتانی هەژارو دواکەوتوو وەك پاشکۆی کارو بەرنامەو پرۆژەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانن[50]، لەهەرێمی کوردستاندا چەند رێکخراوێکی خۆماڵی لەسەر پاشماوەی هەندێك رێکخراوی بەخشەر کە بەرنامەکانیان کۆتایی پێدەهات یان دەکێشرێنرانەوەو ئەو کارمەندە خۆماڵییانەی لەو رێکخراوانەدا کاریان دەکرد دامەزران. جگەلەوە هەندێك رێکخراوی بەخشەر وەك دایکو باوکیان لێهات بۆ هەندێك رێکخراوی دیاریکراوی خۆماڵی، واتە زۆرتر پاڵپشتی کاری چەند رێکخراوێکی دیاریکراویان دەکرد، ئەمەش جگە لە جیاوکی رێکخراوە ناوخۆییەکەو پەیوەندی نێوان هەردوو رێکخراوەکەو پاڵپشتی کەسانێك لە دەسەلآت لە رێکخراوێکی خۆماڵی رۆڵی هەبوو، بەلآم ناتوانین ئەمە گشتگیر بکەین، واتە هەموو رێکخراوە بەخشەرو رێکخراوە خۆماڵییە چالاکەکانو پرۆژە پاڵپشتیکراوەکان ناگرێتەوە، بەلآم ناشکرێت ئاماژە بەم راستییە داپۆشراوە لە مێژووی کاری رێکخراوەیی لە هەرێمی کوردستاندا نەکرێت.

دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخو هاتنەئارای رەوشی نەشەڕو نە ئاشتی تەواو لەنێوان هەردوو حزبی سەرەکی بەشەڕهاتوو (پارتیو یەکێتی) ژمارەیەك لە رێکخراوی نێودەوڵەتی بەخشەر هاتنە هەرێمو ژمارەیەکیش لە رێکخراوە رۆیشتووەکان گەڕانەوە کوردستان، هاوکات بڕیاری (٩٨٦)ی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك وایکرد کە رێکخراوەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان چالاکانەترو بە بەرنامەی جیاوازترەوە دەست بەکارکردن بکەنەوە لە هەرێمدا، لێرەوەش بەهەمان قۆناغی پێشووتر ژمارەیەکی بەرچاو لە رێکخراوی خۆماڵی دامەزران، بەلآم بە بەراورد لەگەڵ پێشتردا تاڕادەیەك جۆرێك لە پسپۆڕێتیو تایبەتمەندێتی لە کاری رێکخراوەکاندا هاتەئارا، هاوکات دامەزراندنی رێکخراوی ناحکومی بەرپێنمایی نهێنی حزب زیاتر پەرەیگرت. لەم قۆناغەدا دابەشکردنێکی دیکەی رێکخراوە ناحکومییە حزبییەکان روویدا، تەنانەت ئەم دابەشبوونە لەیاسای تایبەت بەرێکخراوەکانیشدا رەنگیدایەوە، کە دوو یاسای جیاواز لەهەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرا، یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠١)ی یاسای رێکخراوە کوردستانییە غەیرە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٩)یدا لە (٢٣/١٠/٢٠٠١)دا دەریکرد، هەروەها بڕیاری (٢٩٧)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە (٢٥/١٢/ ١٩٩٩)دا، بەناوی کاری رێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستاندا[51].

لەگەڵ ئەوەی لەم قۆناغەدا تاڕادەیەك کاری ئاوەدانکردنەوە بەرەودوا هات، بەلآم پاڵپشتی لەو بوارەدا هەر بەردەوامبوو ، تەنانەت رێکخراوی دیکەش دامەزرا، بۆنموونە رێکخراوی نوا بۆ ژیاندنەوەو نیشتەجێکردنی لێقەوماوان لە (٦/٧/١٩٩٧)دا دامەزرا[52]، بۆیە بەشێك لەرێکخراوەکان وردە وردە لەبەرنامەکانی پێشتریان خۆیان داماڵیو خۆیان لەگەڵ دۆخی نوێدا گونجاند، بۆ نموونە رێکخراوی (پرۆژەی گوندە بچوکەکانی زاخۆ ZSVP) بەرنامەکانی لە یارمەتیدانەوە گواستەوە بۆ قۆناغی گەشەپێدان[53]. هاوکات کاری هەڵگرتنەوەی مین لەپێشتر زیاتر پەرەیسەند، زۆری لێشاوی پارەی تەرخانکراو بۆ هەڵگرتنەوەی مین وایکرد رێکخراوی خۆماڵی لەم بوارەدا لەدایکبن، بەتایبەتیش لە

٥٠– علي احمد الطراح: م. س، ص٦٧.

٥١ – بۆ دەقی یاساکان، بڕوانە: (رێکخراوی تواناسازی لاوان: بلاوکراوەی (NGO)، ژ (١،٢)، ل٢٠–٢٧.

٥٢ – ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٣)، ساڵی (٣)، (کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤)، ل٧.

٥٣ – گۆڤاری (IKNN)، ژ (٥)، ل٢.

ساڵانی سەرەتای هەزارەی سێیەمدا، لە نموونەی ئەم ڕێكخراوانەش ڕێكخراوی كۆما (ڕێكخراوی كوردستان بۆ هۆشیاریی لە مین/٢٠٠١)و ڕێكخراوی پیرمام (٢٠٠١)و ڕێكخراوی باواجی (٢٠٠٣)ن.

لەم قۆناغەدا بواری ڕۆشنبیریی‌و هۆشیاریی سەبارەت بە مافەكانی مرۆڤو مافەكانی ژنان‌و منداڵان جەختێكی زیاتری كرایەسەرو گەلێك ڕێكخراو لەم بوارانەدا هاتنەئارا، كە هەندێكیان بەكردار تایبەتمەندبوون بەكاركردن لەو بوارەدا كە ناوی ڕێكخراوەكە یان دروشم‌و مەبەستی سەرەكی ڕێكخراوەكە ئاماژەی بۆ دەكات، بەڵام بەشی زۆریشیان تایبەتمەندییەكەی تەنها لەبواری ناوو ئامانج‌و پەیڕەوی ناوخۆیدا ڕەنگی دابووەوە. دەتوانین لەنموونەی ڕێكخراوەكانی ئەم قۆناغەش لە بواری مافەكانی ژناندا ئاماژە بە ڕێكخراوەكانی (مەڵبەندی ڕۆشنبیریی‌و كۆمەڵایەتی خانزاد/١٩٩٦، سەنتەری ڕاگەیاندن‌و ڕوناكبیریی ژنان/١٩٩٧) بكەین[٥٤]، كە لەسەر ڕەوشی ژنان چالاكی تایبەتیان بەئەنجامدەگەیاند، بۆ نموونە كۆمەڵەی ئافرەتانی هیوا لەساڵی (٢٠٠٠)دا توێژینەوەی مەیدانی لەسەر ڕەوشی ژنانی هەولێرو دەوروبەری ئەنجامداوە[٥٥]، تەنانەت توانیان بڵاوكراوەی تایبەت بەخۆیان‌و پرسی ژنان دەربكەن، وەك ڕۆژنامەی ژیانەوە، كە دوای دەرچوونی (٨٤) ژمارە، گۆڕا بۆ ڕۆژنامەی ڕێوان[٥٦]. لە بواری دیموكراتییەت‌و ماف مرۆڤو هۆشیاركردنەوەشدا دەتوانین ئاماژە بۆ ڕێكخراوەكانی (ڕێكخراوی پەرەپێدانی دیموكراسی/١٩٩٩، ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی/ ٢٠٠١، سەنتەری پەرەپێدانی دیموكراسی‌و ماف مرۆڤ/٢٠٠٢، پەیمانگای كوردستان بۆ هەڵبژاردن/٢٠٠٢، ناوەندی ڕوناكبیری خورماڵ/٢٠٠٢ و..) بكەین[٥٧]، لە بواری مافەكانی منداڵانیشدا ئاماژە بە (لانەی منداڵانی كوردستان) بكەین كە لە (١٩٩٧/٦/١٥)دا بەناوی فیدراسیۆنی لانەی منداڵانی كوردستان دامەزرا، دواتر لە (١٩٩٩/١٢/٢٥)دا بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٢٩٧) مۆڵەتی وەك ڕێكخراو بەناوی ڕێكخراوی لانەی منداڵان وەرگرت[٥٨]، هەروەها هانای منداڵانی كوردستان لە (٢٠٠٠/١٢/٢) [٥٩]، هاوكات هەندێك ڕێكخراوی بیانی هاندەرو ڕێگەخۆشكاربوون بۆ لەدایكبوونی ڕێكخراوی خۆماڵی، بۆنموونە سەرەتا ڕێكخراوی (CDO) لە (١٩٩٩/٣/١٦)دا لەژێر چەتری ڕێكخراوی دیاكۆنیای سویدیداو لەژێرناوی (ناوەندی ڕوناكبیری‌و ڕاهێنانی كلتوری مەدەنی)دا دامەزرا، دوای دووساڵ‌و لە(٢٠٠١/٤/٢٩)دا وەك ڕێكخراوێكی ناحكومی خۆی تۆماركرد[٦٠]، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە هەندێك ڕێكخراو لەبنەمادا پرۆژەی ڕێكخراوێكی بەخشەر بووە، بۆنموونە ڕێكخراوی گەشەپێدانی دیموكراسی (DDO)، كە لە (٢٠٠٢/٧/٥)دا

٥٤ - بەڕێوەبەرایەتی زانیاری‌و نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل١٥" ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١)، ساڵی (١)، (تەشرینی یەكەم/٢٠٠٢)، ل٩. سەنتەری ڕاگەیاندن‌و ڕوناكبیری ژنان لەڕێككەوتی (١٩٩٧/٤/٢٤) دامەزرا، بەڵام دواتر لە مانگی ئایاری (٢٠٠١)دا بوو بە ڕێكخراوێكی ناحكومی. بڕوانە: (ڕووناك فەرەج ڕەحیم‌و هانا شوان: ئاماری توندوتیژییەكانی دژ بەژنان‌و خوێندنەوەیەك، چاپخانەی: ئۆفسێتی شڤان، چ١، (سلێمانی، ٢٠٠٣)، ل١).

٥٥ - بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكە، بڕوانە: (ڕاپۆرتی ASKبۆ: ل٧٣-٨٥).

٥٦ - ڕووناك فەرەج ڕەحیم‌و هانا شوان: س. پ، ل١-٢

٥٧ - بەڕێوەبەرایەتی زانیاری‌و نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل١٦" سەنتەری پەرەپێدانی دیموكراسی‌و ماف مرۆڤ: پاشكۆی تایبەت بەبڵاوكردنەوەی پرۆژەی پاڵپشتی دادگا، پاشكۆی ڕۆژنامە، (٢٠٠٩/٣/٣١)، ل٨" ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٠)، ساڵی (٣)، (ئایاری ٢٠٠٤)، ل٦" ژ (١٢)، ساڵی (٣)، (ئەیلولی ٢٠٠٤)، ل٩.

٥٨ - ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٣)، ساڵی (١)، (شوباتی ٢٠٠٣)، ل٦.

٥٩ - ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٦)، ساڵی (١)، (ئەیلولی ٢٠٠٣)، ل٦.

٦٠ - ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٤)، ل٦. ڕێكخراوی مەسەلە: س. پ، ل٣.

دامەرزا، بریتیبووە لە پڕۆژەی (ABF)ی شاری یۆتۆبۆری[٦١]، هەروەها ڕێكخراوی ئاسودە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، لەبناغەدا شێڵتەرێك بوو كە لەساڵی (٢٠٠٠)دا لەلایەن ڕێكخراوی (NPA) نەرویجییەوە دامەزرا[٦٢]. بەمجۆرە دەبینین هەرێمی كوردستان بەهاتنی هەزارەی سێیەمو پێش روخاندنی ڕژێمی بەعس لەعێراقدا، شەپۆلێكی دیكەی دامەزراندنی ڕێكخراوی ناحكومی بەخۆوەبینی، جگە لەو ڕێكخراوانەی باسكران، ڕێكخراوەكانی چالاكی لاوان/ YAO لە (٢٠٠١)[٦٣]، (ڕێكخراوی گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی كوردستان KSDO) لە (٢٠٠٣/٦/٤) لەنموونەی ئەو ڕێكخراوانەن[٦٤]. زۆربوونی ژمارەی ڕێكخراوەكانو بەرفراوانبوونی چالاكییەكانیان پێویستبوونی بڵاوكراوەیەكی تایبەت بۆخۆیان هێنایەئارا، لەم میانەیەشدا بڵاوكراوەی (نامە) بە سێ زمانی (كوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) لەلایەن (ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی)یەوە یەكەم ژمارەی لە (تەشرینی یەكەمی ٢٠٠٢)دا دەرچوو[٦٥].

لەم قۆناغەدا هەوڵی ڕێكخراوەكان لەبواری چاودێریكردنی مافەكانی مرۆڤدا لاوازبوون، ئەویش بەهۆی ڕێگرتنی دەزگاكانی ئاسایشو دەستنەكەوتنی زانیاری پێویست، بۆ نموونە ڕێكخراوی ئاسك (كۆمەڵەی ئەمەریكی بۆ كورد)، كە ڕێكخراوێكی كوردی ئەمەریكی بوو راپۆرتێكی بەناونیشانی (راپۆرتی ASKبۆ: مافەكانی مرۆڤ لە كوردستان ساڵی ٢٠٠٠)، بەڵام ئەم راپۆرتە زانیاری لەسەر بابەتە گشتییەكان خستۆتەڕوو، وەك ژمارەی حیزبو ڕێكخراوو سەندیكاو كۆمەڵەكان، مافەكانی ژنانو ئاماری منداڵانی دابڕاو لەخوێندنو منداڵانی سەرجادە، هەر لەدەستپێكی راپۆرتەكەدا، ڕێكخراوەكە خۆی دان بەوەدا دەنێت كە زانیاریی كەمیو بارودۆخی ئاسایشو كارامەییو توانا مرۆییەكان ڕێگرن و ڕێگربوون لەبەردەمیاندا[٦٦]. واتە بەشی زۆری چالاكی ڕێكخراوەكان لەو بوارانەی پەیوەست بەمافی مرۆڤدا بووە كە پرسی سیاسی نین، وردتر بێمەترسیبوون بۆ سیاسەتی حوكمڕانی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەكەی هەرێم[٦٧].

سیمایەكی دیكەی ئەم قۆناغە ئەوەیە كە هاوكاری لەسەر پرسە ناسیاسییەكانی مافی مرۆڤ لەنێوان هەندێك وەزارەتو ڕێكخراودا هاتەئارا، وەك ئاماركردنی منداڵانی سەرجادە لەلایەن وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتیو ڕێكخراوی (IKRP)ەوە[٦٨]، هەروەها لەساڵی (٢٠٠٢)دا بۆردی داكۆكیكردن لەژنانی بەندكراو بە ئەندامێتی (١٥) ڕێكخراوو وەزارەتەكانی (ناوخۆ، كار، مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفال) پێكهات[٦٩]، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەرەوپێشچوونی ئاستی ڕێكخراوەكان، پێویستی هاوكاریو هەماهەنگی لەنێوان خودی ڕێكخراوە ناحكومییەكاندا هێنایەئارا، لەم میانەیەشدا ئەنجومەنی ڕێكخراوە ناحكومییەكانی كوردستان (IKNN) بەدەستپێشخەری شەش ڕێكخراو (شانەدەر، كرا، ریچ، كیدۆ، ئاوەدانكردنەوەی گوندەكانی زاخۆ، چرا) لە (٢٠٠٢)دا دامەزرا[٧٠]، بەڵام ئەم ئەنجومەنە زیاتر وەك

---

٦١ – ڕێكخراوی گەشەپێدانی دیموكراسی (DDO): س. پ، ل٢–٣.

٦٢ – ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٢٢)، ساڵی (٥)، (ئاداری ٢٠٠٧)، ل٢.

٦٣ – بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل١٥.

٦٤ – ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ(٥)، ساڵی (١)، (حوزەیرانی ٢٠٠٣)، ل١" ژ(٢١)، ساڵی(٥)، (كانوونی یەكەمی ٢٠٠٦)، ل٤.

٦٥ – ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١)، ساڵی (١)، (تەشرینی یەكەم/٢٠٠٢).

٦٦ – راپۆرتی ASKبۆ: ل٩–١٠.

٦٧ – بۆ زانیاری لەسەر جۆری چالاكییەكان، بڕوانە: (راپۆرتی ASKبۆ: س. پ، ل١٢١–١٢٥).

٦٨– بۆ زانیاری لەسەر ئامارەكە، بڕوانە: (راپۆرتی ASKبۆ: ل١٠٦–١٠٩).

٦٩ – ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٢)، ساڵی (١)، (كانونی یەكەم/٢٠٠٢)، ل٢.

٧٠ – گۆڤاری (IKNN)، ژ (١)، ساڵی (١)، ، چاپخانەی منارە، (هەولێر، نیسانی ٢٠٠٦)، ل٢.

ڕێكخراوێكی ناحكومی كاری كردو پرۆژەی لەڕێكخراوە بەخشەرەكان بەدەستهێنا، وەك لەوەی تۆڕێكبێت بۆ یەكخستنی هەڵوێستی ڕێكخراوەكانو داكۆكیكردن لەپرسەكانی كۆمەڵی مەدەنی[٧١].

باسی سێیەم: پەرەسەندنی و چالاكیو توانای ڕێكخراوە ناحكومییەكان لەدوای (٩/٤/٢٠٠٣) هەتا (٢٠١٥).

تەوەری یەكەم: ڕۆڵی ڕێكخراوە ناحكومییەكان لەنەبوونی ئۆپۆزسیۆنێكی سیاسی ڕاستەقینەدا

دەتوانین (٩/٤/٢٠٠٣) بەدەستپێكردنی قۆناغێكی نوێ لە مێژووی كاری ڕێكخراوە ناحكومییەكان لە هەرێمی كوردستانداو بە سەرەتای لەدایكبوونی ئەم ڕێكخراوانە دابنێین لە بەشەكانی دیكەی عێراقدا، واتە قۆناغی دوای پرۆسەی ڕزگاركردنی عێراقو ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراقداو هاتنی سوپای هاوپەیمانەكانو هەژموونی ڕاستەوخۆی ولاتەیەكگرتووەكانی ئەمەریكا بەسەر عێراقدا. لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا چەندین ڕێكخراوی ناحكومی لەهەرێمی كوردستاندا دامەزران، بۆ نموونە لەساڵی (٢٠٠٤)دا چەندین ڕێكخراو دامەزران، وەك: ڕێكخراوی فریای منالان، ڕێكخراوی ژین دروستی، سەنتەری كوردستان بۆ پەروەردەو گەشەپێدان/ KCED، سەنتەری بەهێزكردنی تواناكانی ژنان/ WEC، كوردستان بۆ ڕاهێنانەوەی كەمئەندامان، ژیانی نوێ، دەستپێشخەری كۆمەڵی مەدەنی/ CSI، ڕاسان، هەتاو، مەسەلله بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەكان، سۆلیدارێتی خوێندكاران[٧٢]. هەروەها لەساڵی (٢٠٠٥)یشدا ڕێكخراوەكانی: ئامێز بۆ پەرەپێدانی تواناكانی كچان، سەنتەری نیشتمانی بۆ لێكۆڵینەوەی جێندەر، تیشك بۆ گرنگیدان بەبوارەكانی ڕۆشنبیرییو مافی مرۆڤ، پەیمانگەی كوردستان بۆ پرسە سیاسییەكان/ KIPI.. دامەزران[٧٣]. هەر لەم قۆناغەدا دامەزراندنی ڕێكخراو لە مەڵبەندی قەزاكاندا پەرەیسەند، بۆ نموونە وەك پەیمانگەی نوێگەری بۆ گەشەپێدان لە ڕانیە (٢٠٠٥)، كاركردن لەپێناوی ئاشتی لە خانەقین (٢٠٠٥)، گرین بۆ ڕاهێنانی مەدەنییەت لە هەڵەبجەی شەهید (٢٠٠٦)[٧٤]. جگەلەوە سنوری كاروچالاكی ڕێكخراوەكانی هەرێم فراوانتربوو، لەقۆناغی سەرەتادا ناوچە تازە ئازادكراوە كوردستانییەكانی ڕوومالكرد، بەلام هاوكات بەرنامەی فریاگوزاریو یارمەتیدانی ئاوارە خۆی هێنایەوە نێو چالاكی ڕێكخراوەكان[٧٥].

سیما زەقەكانی ژیانی ڕێكخراوەیی ئەم قۆناغە بریتییە لە لێشاوی پاڵپشتی مادی چالاكی ڕێكخراوە ناحكومییەكان، كە ڕێكخراوە نێودەوڵەتییە ئەمەریكییەكان بە لێشاو بەبێبوونی پلانو بەرنامەڕێژی پێشترو بوونی دیدگەیەكی دروست لەسەر ژینگەی سیاسیو كۆمەڵایەتیو كۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراقدا هاتن (لەوانەشە بێبەرنامەییەكەیان خۆی لە خۆیدا بەرنامە بووبێت) ڕوویانكردە عێراقو دەستیانكرد بە پێدانی پارە بە ڕێكخراوەكانو

---

٧١ - بۆ نموونەی چالاكی تۆڕەكە، ڕوانە: (گۆڤاری (IKNN)، ژ (١)، ل٤-٥).

٧٢ - بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل٦، ٩-١١، ١٦" دەستپێشخەری كۆمەڵی مەدەنی: پێكەوە گرێدانی حكومەتو هاوڵاتی، چاپخانەی ڕەهەن، (ب.ش، ٢٠٠٦)، ل١٤١" ڕێكخراوی مەسەلله: س. پ، ل٣" ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٤)، ل١، ١٣" ژ (١٦)، ساڵی (٤)، (ئەیلولی ٢٠٠٥)، ل٧" ژ (٢٢)، ل٦٢.

٧٣ - بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل٢١-٢٢" ڕاگەیاندنی پەیمانگەی كوردستان بۆ پرسە سیاسییەكان (ئامادەكردن): پەیمانگەی كوردستان لەسێ ساڵەی تەمەنیدا، ٢٠٠٨، ل٢" ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٢٦)، ساڵی (٦)، (حزیران/٢٠٠٨)، ل٦.

٧٤ - بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل٢٠، ٢١، ٢٤.

٧٥ - گۆڤاری (IKNN)، ژ (٥)، ل٣.

هاندانی عێراقییەكان بۆ دامەزراندنی ڕێكخراو، هاوكات زۆرینەیان هەروەك ڕێكخراوە خۆماڵییەكان كۆمەڵە ڕێكخراوێك بوون بەدوای بەخشینو پاڵپشتیدا وێڵبوون[٧٦]، بۆیە دۆخی عێراق ژینگەو دۆخێكی گونجاوبوو بۆ بەدەستهێنانی پڕۆژە لەڕێكخراوە بەخشەرە گەورەكانو ساخكردنەوەی بەهاوكاری ڕێكخراوە خۆماڵییەكان، ئەمەش وایكرد ئەم قۆناغەی كاری ڕێكخراوەكان بە سیمایەكی دیكە بناسرێت، ئەویش دامەزراندنی ژمارەیەكی بێسنور لە ڕێكخراو لە سەرجەم پارێزگاكانی عێراقو هەندێكیش لە هەرێمی كوردستانیشدا[٧٧]، كە زۆریان ئامانجو مەبەستێكی مەدەنییانەیان نەبوو، تاكە پاڵنەر پەیداكردنو بەدەستهێنانی پارە بوو، ئەویش زیاتر بەهاندانی بوونی یارمەتییەكی دەرەكی زۆر بۆ بواری فریاگوزاریو ئاوەدانكردنەوە، تەنانەت بەشێك لەم ڕێكخراوانە لەڕاستیدا تەنها بوونی سەركاغەزو پڕۆژەبوون، یاخود ڕێكخراوگەلێكی كاتیو ماوەدیاریكراوبوون[٧٨].

هۆكاری ڕاستەوخۆی پشت ئەم دیاردە نەرێنییە ڕێكخراوە بەخشەرەكان بوون، بەتایبەتی ئەمەریكییەكان، چونكە بەبێ هەڵسەنگاندنێكی تەواوی ڕێكخراوەكانو پڕۆژەكانیان پارەیەكی زۆریان بۆ ڕێكخراوە تازە دامەزراوەكانی ناوچە كوردستانییە تازە ئازادكراوەكانو پارێزگا عەرەبنشینەكانی عێراق هەڵڕشت، ئەمەش گەندەڵییەكی زۆری لە كاری ڕێكخراوەكاندا هێنایەئارا، بەشێوەیەك لەو ناوچانەی ئاماژەیان پێكرا ڕێكخراوی خێزانی هاتەئارا، واتە ئەندامانی ڕێكخراوێك تەنها بریتیبوون لە تاكەكانی یەك خێزان، بگرە دوو هاوسەر هەر یەكەیان ڕێكخراوێكیان دادەمەزراندو لەلای دیەكەش بەناو دەبوونە كارمەند لەلای یەكتر، لەمەش خراپتر ڕێكخراوگەلێك هاتنەئارا كە بەناوی بەڕێوەبەری ڕێكخراوەكە خۆی ناونران، نموونەی ئەمجۆرانەش زۆرە، ئەمەش بوو بەهۆی ناشیرینكردنی ناوبانگی كاری ڕێكخراوەكان بەگشتیو بەبێ جیاوازیكردن نێوانیانداو جیاكردنەوەیان.

جگە لەوەی لێشاوی ڕێكخراوە ئەمەریكییەكان هەر لەسەرەتای ئەم قۆناغەوە دەركەوت، هاوكاتیش ڕێكخراوە ئەوروپییەكان بەلاوازتر لە ئەمەریكییەكان دەركەوتن، هەروەها تەقاندنەوەی بارەگای نەتەوەیەكگرتووەكان لە بەغداد كشانەوەی ڕێكخراوەكانی (UN)ی لێكەوتەوە، ئەمەش وایكرد هەژموونی شێوازی كاری ڕێكخراوە ئەمەریكییەكان بەسەر كاری ڕێكخراوە خۆماڵییەكاندا ڕەنگبداتەوە، لەكۆی (١٩) ڕێكخراوی بیانی لەپارێزگای سلێمانیدا، شەش ڕێكخراویان ئەمەریكی بوون[٧٩]. هەروەها لەم قۆناغەدا حكومەتی هەرێم بە هەندێك ڕێكخراو كە زۆربەیان سەر بەیەكێك لە دوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتیو یەكێتی) بوون، یان بە پاڵپشتی كەسایەتییەكی ئەم دوو حزبە، لەسەر بودجەی گشتی مانگانەیەكی زۆری بۆ تەرخانكردن، بۆ نموونە ڕێكخراو هەیە لەگەڵ دامەزرانیدا پارەی مانگانەی بۆ تەرخانكراوە[٨٠]، بەجۆرێك مانگانە بڕی (٨٢٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار دراوە بە (٢١٤) ڕێكخراو[٨١]، ئەمەش وایكرد ژمارەیەك لە ڕێكخراوی مانگانە خۆری خاوەن نوسینگەی بێچالاكی لە هەرێمی كوردستاندا بێتەئارا.

---

٧٦- عبدالسلام مدني: م. س، ص١٤٣-١٤٤.

٧٧ - بۆ نموونە لەساڵی (٢٠٠٨)دا لە كۆی (٦٢) ڕێكخراوی خۆماڵی پارێزگەی سلێمانیدا، كە تەنها (٥٤)یان ئاماژە بەساڵی دامەزراندنیان كراوە، زیاتر لە (٣٤)یان لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە دامەزراون. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: پێڕستی ڕێكخراوەكان، ئایار/٢٠٠٨، وەزارەتی پلاندانان).

٧٨- كوثر عباس الربيعي: م. س، ص٨.

٧٩ - بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل٢، ٤.

٨٠ - ڕاگەیاندنی پەیمانگەی كوردستان بۆ پرسە سیاسییەكان: س. پ، ل٣.

لەم قۆناغەدا پرسەكانی بەشداری سیاسی، بەشداریكردن لەدروستكردنی بڕیارداو گەشەپێدانی سیاسی بەزەقتر بەدەركەوت، بێگومان دۆخی نوێی عێراقو هەرێمی كودستان، هاندەرێكی گرنگبوو بۆ گرنگیدانی ڕێكخراوە ناحكومییەكان بە پرسی بەشداری سیاسی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت وەك چالاكوانێك دەڵێت:" ئەم پرسانە پێشتر لەبەرنامەی كاری ڕێكخراوەكاندا نەبوون، بەڵام دوای روخاندنی رژێمی سەدام، بەهۆی ئەوەی چالاكیو بەرنامەی پاڵپشتی ڕێكخراوە بەخشەرە نێودەوڵەتییەكان بەگشتی بۆ ئەم بوارانە ئاڕاستەكرا، هاتەئارا"[٨٢]. گرنگیدانی ڕێكخراوەكان گەیشتە كاركردن بۆ بوونی دەستورێك بۆ هەرێمو لە (٢٠٠٦/١١/٢٥)دا فیدراسیۆنی ڕێكخراوەكان كۆنفرانسێكی بەناونیشانی:" بەرەو داڕشتنی دەستورێكی مۆدێرنو دیالۆك ئامێز" بەئەنجامگەیاند[٨٣].

سیمایەكی ئەم قۆناغە بەشداریكردنی بەرچاوی ڕێكخراوەكانە لە هۆشیاركردنەوەی دەنگدەرانو هاندانیان بۆ دەنگدانو چاودێریكردنی پرۆسەكانی هەڵبژاردنە، كە چەندین تۆڕی ڕێكخراوەیی كارا بۆ ئەم مەبەستە دامەزران، وەك تۆڕی (ڕێكخراوەكان بۆ چاودێریكردنی هەڵبژاردن) لە (٢٠٠٤/١٢/١٢)دا بەئەندامێتی (٢٥) ڕێكخراوی پارێزگەی سلێمانی. هەروەها تۆڕی چاو بەسەرپەرشتی ڕێكخراوی (NDI) ئەمەریكی، تۆڕی ڕۆژ[٨٤]. هەر لەم بوارەدا بەسەرپەرشتی ڕێكخراوی (IFES)ی ئەمەریكی تۆڕێك لەسەرئاستی عێراق بۆ چاودێریكردنی توندوتیژییەكانی هەڵبژاردن بەناوی (عێراقێكی بێ توندوتیژیی) لە (١٦-٢٠٠٥/٥/١٧) لەهاوینەهەواری دوكان دامەزرا[٨٥]. هەروەها تۆڕی ئایندە بۆ چاودێریكردنی پروپاگەندەی هەڵبژاردن لە (٢٠٠٥/١١/١)دا لەلایەن (١٢) ڕێكخراوەوە پێكهاتو راپۆرتێكی لەسەر پێشێلكارییەكانی قۆناغی هەڵمەتی هەڵبژاردن (٣-٢٠٠٥/١٢/٢٣)ی هەڵبژاردنی _كانوونی یەكەمی ٢٠٠٥) بڵاوكردەوە[٨٦]. چاودێریكردنی ڕێكخراوەكان بۆ هەڵبژاردن گەشەیكردو هەڵبژاردنە ناوخۆییەكانی سەندیكا پیشەییەكانیشی گرتەوە، بۆنموونەی لەم بوارەشدا ئاماژەدەكەین بەچاودێریكردنی هەڵبژاردنی یەكێتی دادوەرانی كوردستان لەلایەن ڕێكخراوەكانی (BCC, DHRD, KIE, WADI)ەوە لە ڕۆژانی (١٢-٢٠٠٧/١٤)دا[٨٧].

لەم قۆناغەدا چالاكییەكانی تایبەت بەمافی مرۆڤ گەیشتە قۆناغێكی پێشكەوتوو، ڕێكخراوەكان بەهاوكاریو بەشداری هەردوو وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی ماف مرۆڤو بەپاڵپشتیو سەرپەرشتی ڕێكخراوی (NPA)، ئەندامێتی ڕێكخراوەكانی (BCC، CDO، DHRD، KEDO، KCN، KIE، PAO) پرۆگرامی مافی مرۆڤ بۆ پۆلەكانی (پێنجەمی سەرەتایی، یەكەمی ناوەندی، چوارەمی ئامادەیی) گەلاڵەكراو وەك تاقیكردنەوە لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٤-

٨١ - دلێر ئیبراهیم (ئەنجامدانو ئامادەكردن): چاوپێكەوتن لەگەڵ فازیل عومەر_ یاریدەدەرو راوێژكاری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ كاروباری لاوان‌و كۆمەڵگەی مەدەنی، گۆڤاری (IKNN)، ژ (١٣)، ل٢١.

٨٢- عبدالسلام مدني: م. س، ص١٣٨، ١٤٣.

٨٣ - جبار عزیز ابوبكر: فیدراسیۆنی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی، سمینارێكی ڕێكخەری فیدراسیۆنە، لەمیانەی (كۆلێژی یاساو رامیاری: پرۆژەی دەرچوونی خوێندكارانی چواری زانستە رامیارییەكان، ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥، ژمارە (٢)، ٢٠١٥، بڵاوكراوەتەوە، ل٢٤" ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٢١)، ل١.

٨٤ - ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٣)، ل٢، ١٠، ١٢" نامە، ژ (١٤)، ل٢.

٨٥ - ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٥)، ساڵی (٤)، (حوزەیرانی ٢٠٠٥)، ل١.

٨٦ - بۆ زانیاری سەبارەت بەراپۆرتەكەو پێشێلكارییەكان، بروانە: (تۆڕی ئاییندە بۆ چاودێری پروپاگەندەی هەڵبژااردن: راپۆرتی چاودێری (١٢/٣- ٢٠٠٥/١٢/٢٣)، چێتخانەی وەزارەتی كشتوكاڵ، (هەولێر، ٢٠٠٥)

٨٧ - ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٢٣)، ساڵی (٦)، (حزیران/٢٠٠٧)، ل١.

٢٠٠٥)دا لە (١٨) خوێندنگەی پارێزگای سلێمانیدا خوێندرا[٨٨]. هەرچەندە ڕێکخراوی فریاگوزاری گەلی نەرویجی (NPA) ئاماژە بەوەدەکات کە کارکردنی هەتا ساڵی (٢٠٠٤) بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی بووەو تەنها لەچوارچێوەی پرۆژەی وشیاریدا بووە بۆ کارمەندانی پۆلیسو ئاسایشو توێژەکانی دیکە، ئەویش بەتێهەڵکێش لەگەڵ بابەتی دیکەدا[٨٩]، بەڵام پێشتر ڕێکخراوە خۆماڵییەکان ڕاستەوخۆ لەم بوارەدا چالاکییان بەئەنجامگەیاندووە، بۆ نموونە ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی (BCC) لە (٢٠٠١)دا دوو خولی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکان بۆ کارمەندانی پۆلیسو ئاسایش لەهەریەك لە شارەکانی (سلێمانی، هەڵەبجەی شەهید، دەربەندیخانو چەمچەماڵ) کردۆتەوە[٩٠].

دەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەوەی پارتیو یەکێتی لە (٢٠٠٦/١/٧) لەنێوخۆیاندا ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی حکومەمەتی هەرێم[٩١]، بەمەش ناڕاستەوخۆ ڕێگەگیرا لەبوونی نەیاری سیاسی لەنێو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا، بەڵام چالاکی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئاماژەدەرن کە ڕێکخراوەکان چوونەقۆناغی چاودێریکردنی دامەزراوە میرییەکانو بەدواداچوونی ڕەوشی ماف مرۆڤو تۆمارکردنی پێشێلکارییەکانو داکۆکیکردن، داکۆکیکردن لە خۆپیشاندەرانی دەستگیرکراو، کە دوای ڕووداوەکانی ڕۆژی (٢٠٠٦/٣/١٦)و دەستگیرکردنی ژمارەیەك لەخۆپیشاندەران، ڕێکخراوەکانی شاری سلێمانی تۆڕێکیان بۆ داکۆکیکردن لەو گیراوانە پێکهێناو لە (٢٠٠٦/٤/١٦)دا ڕاستەوخۆ پرسەکەیان گەیاندە سەرۆکی هەرێم[٩٢]. هەروەها چاودێریکردنی دادگاکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوی (DHRD)ەوە، کە لەساڵی (٢٠٠٦ز)دا یەکەم ڕاپۆرتی چاودێریکردنی دادگاکانی بڵاوکردەوە، هەتا ئێستا حەوت ڕاپۆرتی بڵاوکردۆتەوە، کە ڕاپۆرتی حەوتەمی لەساڵی (٢٠١٥)دا لەژێر ناونیشانی (دەسەڵات تاکەی لەئاست پێشێلکارییەکان خۆت بێدەنگ دەکەیت؟) بڵاوکردەوە[٩٣]. هەروەها ڕێکخراوەکانی (BCC، DHRD، CDO، CSI، KIE، LCDO) بەهەماهەنگی کاری بەدواداچوونی گەندەڵییەکانی دابەشکردنی سوتەمەنییان کردو ڕاپۆرتێکیان لە (٢٠٠٦/٧/١٨)دا بڵاوکردەوە[٩٤]. هەوڵی چاودێریکردنی پێشێلکارییەکان تەنها ئەو پێشێلکارییانەی نەگرتەوە کەلەلایەن دەسەڵاتو دامەزراوەکانەوە ڕوودەدات، بەڵکو ڕێکخراوەکان هەوڵیانداوە چاودێری خودی ڕێکخراوەکانو پرۆژەکانیان بکەن، لەم بوارەشدا دەتوانین ئاماژە بە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان بکەین بەناونیشانی: لەدەرگادانی شێلتەرەکانی ژنان لەهەرێمی کوردستاندا، ڕاپۆرتێکی تایبەتە بەئاستی خزمەتگوزارییو شەفافییەت لەبەڕێوەبردنی شێلتەرەکاندا[٩٥].

٨٨ – ئارام شێخ محمدو بەختیار ئەحمەد صالح (ئامادەکردن): هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی ماف مرۆڤ لەقۆناغەکانی خوێندندا، داڕشتنەوەو پێداچوونەوەی م: جەمال عەبدول، چاپخانەی ئازادی، (سلێمانی، ٢٠٠٥)، ل٥، ١٣–١٤" ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٢)، ل١" ژ (١٥)، ل١٠.

٨٩ – ئارام شێخ محمدو بەختیار ئەحمەد صالح (ئامادەکردن): س. پ، ل١٣.

٩٠ – ڕاپۆرتی ASKبۆ: ل١٢٦–١٢٧.

٩١ – رشيد عمارة الزيدي و يوسف محمد صادق: م.س، ص١٢.

٩٢ – ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٩)، ل١٢، ١٧" ژ (٢٠)، ساڵی (٥)، (ئەیلولی ٢٠٠٦)، ل٣.

٩٣ – بۆ زانیاری سەبارەت بەپێشێلکارییە یاساییەکانو دەستوەردان لەکاروباری دادگاکان، بڕوانە: (دەسەڵات تاکەی لەئاست پێشێلکارییەکان خۆت بێدەنگ دەکەیت؟، ڕاپۆرتی حەوتەم ، سلێمانی، ٢٠١٥).

٩٤ – ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٢٠)، ل١.

٩٥ – ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان: لەدەرگادانی شێلتەرەکانی ژنان لەهەرێمی کوردستاندا، ڕاپۆرتێکی تایبەتە بەئاستی خزمەتگوزارییو شەفافییەت لەبەڕێوەبردنی شێلتەرەکاندا، بەسەرپەرشتی پارێزەران: تارا عەلی عارف، شەنگە ڕەحیم، ساڵی (٢٠١٠).

هەر لەهەمان بواردا ئامادەكردنو بڵاوكردنەوەی راپۆرتی تایبەت بە مافەسیاسیو مەدەنییەكان پەرەیسەند، بۆنموونە لەساڵی (٢٠٠٧)دا رێكخراوی تواناسازی لاوانی كوردستان (KYED) راپۆرتی ساڵانەی رەوشی گەنجی لە كوردستان بڵاوكردەوە، كە تیشكی خستۆتە سەر رەوشی گەنج لەبەندیخانەكانی پۆلیسدا[96]. هەروەها كۆمەڵەی خەڵك بۆ گەشەپێدان (PDA) راپۆرتی چاودێریكردنی رەوشی مافەكانی مرۆڤ لە كوردستان (٢٠٠٨) بڵاوكردەوە، بەڵام تەنها بوارەكانی پەروەردەو فێركردن، تەندروستی، نیشتەجێبوونو خزمەتگوزارییە گشتییەكانی لەخۆگرتبوو[97]، بەڵام لەساڵی (٢٠١٠)دا تیشكی خستەسەر پێشێلكارییەكانو راپۆرتی چاودێری مافەكانی منداڵانو ئافرەتان، راپۆرتی چاودێری پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ، راپۆرتی رەوشی بەدەستهێنانی زانیاریی لەهەرێمی كوردستاندا لەساڵی (٢٠١٠)دا، راپۆرتی تایبەتی لەسەر رەوشی بەدەستهێنانی زانیاریی لەهەرێمی كوردستاندا، بەسێ راپۆرتی جیاواز بڵاوكردەوە[98]. هەروەها رێكخراوەكانی بواری مافی مرۆڤ هەوڵەكانیان گواستەوە بۆ چاودێریكردنی گرتووخانەكان، هەرچەندە نەیانتوانیوە چاودێری گرتوخانەكانی ئاسایشو گرتووخانە نهێنییەكان بكەن، بەڵام توانیان چاودێری گرتووخانەكانی تایبەت بە پۆلیس بكەن[99]، دواتریش فیدراسیۆنی رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی لەپارێزگەی سلێمانی توانی دوای هەوڵدانێكی زۆر رەزامەندی فەرمی بەدەستبهێنێت بۆ چاودێریكردنی بەندیانی بەندیخانەكانی ئاسایشو لەرێكەوتی (٢٠٠٨/١٢/٢١)دا بۆیەكەمجار وەك تیمی چاودێریكردنی رەوشی زیندانییەكان سەردانی بەندیخانەی (كانی گۆمە)یان كرد[100]. خۆ سەلماندنی رێكخراوە ناحكومییەكان لەرێگەی چالاكییەكانیانەوە، وایكرد بۆ یەكەمجار لەهەرێمی كوردستانداو لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە خەڵاتی شارستانی وەك رێزلێنان لەكارو چالاكی رێكخراوەكان ببەخشرێت، كە لە ساڵی یەكەمدا (٢٠٠٨) بەخشرا بە (٧) رێكخراوی ناحكومی[101]، لە دووەمین فیستیڤاڵیشدا خەڵاتەكە بەخشرایە دە رێكخراوو چەند چالاكوانێك[102].

هاوكات پرۆژەی هاوبەشی هەندێك رێكخراو، بوونە هۆی لەدایكبوونی رێكخراوی نوێی تایبەت بەپرۆژەكە، بۆ نموونە لەدایكبوونی (ناوەندی ئایندە بۆ پرسەكانی گەنج) لە (٢٠٠٧/٦/٤)دا، لەئاكامی پرۆژەی هاوبەشی رێكخراوەكانی (ئەلەند بۆ دیموكراسیكردنی گەنجان، تواناسازی لاوان، ناوەندی روناكبیریی لاوان HECY)[103]. هەورەها دامەزراندنی رێكخراوی (هاریكاری یاسایی ژنان WOLA، كەلەئاكامی پرۆژەیەكی هاوبەشی هەردوو

٩٦ – رێكخراوی تواناسازی لاوانی كوردستان (KYED): راپۆرتی ساڵانەی رەوشی گەنج لە كوردستان ئابی ٢٠٠٦– ٢٠٠٧/٨/١٢، (ب. ش. س)، ل١١–١٤.

٩٧ – بۆ زانیاری زیاتر، بروانە: (كۆمەڵەی خەڵك بۆ گەشەپێدان (PDA): راپۆرتی چاودێریكردنی رەوشی مافەكانی مرۆڤ لە كوردستان (٢٠٠٨)، چاپخانەی ئاوێنە، چ١، (٢٠٠٨).

٩٨ – بۆ زانیاری زیاتر، بروانە: (كۆمەڵەی خەڵك بۆ گەشەپێدان (PDA): راپۆرتی چاودێریكردنی مافەكانی منداڵانو ئافرەتان لەساڵی (٢٠١٠)دا" چاودێری پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ ٢٠١٠، چاپخانەی شڤان، چ١، (٢٠١٠)" شوان رەشید (ئامادەكردن): كۆمەڵەی خەڵك بۆ گەشەپێدان (PDA): بەدەستهێنانی زانیاریی لەهەرێمی كوردستاندا (٢٠١٠)دا، چاپخانەی شڤان، چ١، (سلێمانی، ٢٠١٠).

٩٩ – بۆ زانیاری زیاتر، بروانە: (ستاف پرۆژە: راپۆرتی دووەمی چاودێری بنكەو گرتوخانەكانی پۆلیس لەپارێزگای سلێمانیدا (٢٠١٠/٦/١– ٢٠١٠/١٢/٣١)، بەهاوكاری رێكخراوی دیاكۆنیای سویدی، (سلێمانی، ٢٠١٠).

١٠٠ – جبار عزیز ابوبكر: س. ث، ل٢٥.

١٠١ – ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٢٦)، ل٣.

١٠٢ – گۆڤاری (IKNN)، ژ (١٠)، ساڵی (٤)، (هەولێر، ئابی ٢٠٠٩)، ل١٧–١٨.

١٠٣ – رێكخراوی هاریكاری یاسایی ژنان: لەدەرگادانی شێڵتەرەكانی ژنان، ل٤.

ڕێکخراوی (WADI, DHRD)دا لەڕێکەوتی (٢٠٠٨/٨/٨)دا دامەزرا[١٠٤]، هەروەها کۆمەڵەی خەڵك بۆ گەشەپێدان (PDA) لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە لەچوارچێوەی خۆماڵیکردنی بەرنامەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵ لەلایەن ڕێکخراوی فریاگوزاری گەلی نەرویجی (NPA)ەوە دامەزرا، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٧)دا مۆڵەتی فەرمی وەك ڕێکخراوێکی ناحکومی وەرگرت[١٠٥].

لەگەڵ ئەوەی لەقۆناغی پێشتردا بڵاوکراوەی (نامە)ی تایبەت بەچالاکی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەلایەن (ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی)یەوە دەرکرا، بەڵام لەم قۆناغەدا بوونی بڵاوکراوەی تایبەت بەڕێکخراوەکان زیاتر پەرەیسەند، بۆ نموونە.گۆڤاری (IKNN)ی تایبەت بە کارو چالاکی ڕێکخراوە ناحکومییەکان یەکەم ژمارەی لەڕێککەوتی (نیسانی ٢٠٠٦)دا دەرچوو[١٠٦]، هەروەها لەلایەن (ڕێکخراوی تواناسازی لاوان)ەوە بڵاوکراوەی (NGO) یەکەم ژمارەی لە (نیسانی ٢٠١٠) دەرچوو، کە هەر ژمارەیەك تایبەتبوو بە پرسێکی ڕێکخراوەیی‌و کۆمەڵی مەدەنی، یەکەم ژمارەی تایبەتبوو بە یاسای ڕێکخراوەکان‌و کارو چالاکی ڕێکخراوەکان لەوبوارەدا[١٠٧]. دوای وەستانی ئەم بڵاوکراوە گشتییانەی کەتایبەتبوون بەچالاکی ڕێکخراوەکان، هەندێك ڕێکخراو لەڕێگەی بڵاوکراوەی تایبەتەوە[١٠٨]، وەك بڵاوکراوەی خەڵك، یان لەڕێگەی پاشکۆی تایبەتەوە لەگەڵ یەکێك لەڕۆژنامە دیارەکاندا دەنگی خۆیان گەیاندە خوێنەر، بۆ نموونە فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەژمارەی ڕۆژی (٢٠٠٧/٧/١)ەوە لاپەڕەیەکی هەفتانەی لەڕۆژنامەی هاولاتی هەبووە، کە هەتا چواردە ژمارە بەردەوامبووە[١٠٩]، ڕێکخراوی (DHRD) لە (٢٠٠٩/٣/٣١)دا پاشکۆیەکی تایبەتیان لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا بڵاوکردەوە[١١٠]، هەروەها (KIE) یەکەم ژمارەی پاشکۆیەکی تایبەتی بەناونیشانی (رای گشتی) لە (٢٠٠٩/٧/٢٩)دا بڵاوکردەوە[١١١]. جگەلەوە بەهاوکاری ڕێکخراوە بیانییەکان، ڕێکخراوێکی وەك سەنتەری خاتوزین بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، توانی ڕادیۆی تایبەت دابمەزرێنێت‌و لە (٢٠٠٤/١١/٧)دا پەخشی ڕادیۆی زین دەستپێکرد[١١٢].

سیمایەکی دیکە ئەم قۆناغە، بریتییە لەگواستنەوەی ئەزموونی ڕێکخراوەکانی هەرێم بۆ ڕێکخراوەکانی پارێزگاکانی عێراق[١١٣]، لەم بوارەشدا ڕێکخراوی ئاسك دەستپێشخەربوو، کە سێ ۆرکشۆپی بۆ ڕێکخراوەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق لەگەڵ ژمارەیەك لەڕێکخراوە کاراو خاوەن ئەزموونەکانی هەرێم بەناونیشانی (پردی پەیوەندی)

---

١٠٤ – شۆخان حەمە ڕەشید، تارا علی، شەنگە ڕەحیم (ئامادەکردن): ڕاپۆرتی هاریکاریی یاسایی ژنان، (٢٠١٢–٢٠١٣)، (ب.ش.س)، ل١.

١٠٥ – شوان ڕەشید (ئامادەکردن): س. پ، بەرگی ناوەوە.

١٠٦ – بڕوانە:(گۆڤاری (IKNN)، ژ (١)، ساڵی (١)، نیسانی ٢٠٠٦، چاپخانەی منارە، هەولێر).

١٠٧ – ڕێکخراوی تواناسازی لاوان: بڵاوکراوەی (NGO)، ژ (١،٢)، ئابریلی ٢٠١٠.

١٠٨ – یەکەم ژمارەی بەناوی خەڵك، گۆڤاری وەرزی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خەڵك)دا دەرچوو.

١٠٩ – جبار عزیز ابوبکر: س. پ، ل٢٤.

١١٠ –سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ: پاشکۆی تایبەت بەبڵاوکردنەوەی پڕۆژەی پاڵپشتی دادگا، پاشکۆی ڕۆژنامە، (٢٠٠٩/٣/٣١).

١١١ – رای گشتی، ژمارە (١)، (٢٠٠٩/٧/٢٩).

١١٢ – گۆڤاری (IKNN)، ژ (١)، ل١١.

١١٣ – بۆ نموونە، بڕوانە: (ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٥)، ل٣" ژ (١٦)، ل٢).

سازکرد[١١٤]. هاوکات کاری هاوبەش لەنێوان ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستانو ڕێکخراوەکانی باشورو ناوەڕاستی عێراقدا هاتەئارا، لەم میانەیەشدا کۆنگرەی هەرێمایەتی بۆ کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی ڕێکخراوەکان بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی لە (١٥/٧/ ٢٠٠٦) لەهاوینەهەواری شەقلاوە سازکرا[١١٥]. پتەوبوونی ئەم هەماهەنگییە گەیشتە پێکهێنانی تۆڕی ڕێکخراوەیی هاوبەش لەسەر ئاستی عێراقدا، بۆنموونە جگە لەتۆڕەکانی تایبەت بەهەڵبژاردن، لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٦)دا گروپی ناتوندوتیژیی عێراقی پێکهات[١١٦].

لەم قۆناغەدا هەماهەنگیو کاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکان پەرەیسەند، ئەم دۆخە وایکرد ئەو ڕێکخراوانە یەکخستنی تواناکانیان بەپێویست بزانن، تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکان تایبەت بەمەسەلەکانی ژنانو ئافرەتان پێکهات[١١٧]، جگەلەوە بەدەستپێشخەری ڕێکخراوی مەسەلله بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانو بەشداری (٤٠) ڕێکخراو هەفتەی ناتوندوتیژیی لەهەرێمی کوردستاندا لە (١–٧/٥/٢٠٠٧) ڕاگەیەندرا[١١٨]، هەروەها لەدەرهاویشتەکانی کەمپینو هەماهەنگی ڕێکخراوەکان، لە (٢٨/٨/٢٠٠٦)دا لە سلێمانی (فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی) دامەزرا[١١٩]، کەدواتر لەقوڵبوونەوەی پرسەکانی گەندەڵیداو خەمساردی دەسەڵاتو نەبوونی ئۆپۆزسیۆندا کاراکتەرێکی سەرەکیبوو بۆ هاتنەئارای هەڵمەتو کەمپینێکی فشاری فراوانتر لەدەروەی چوارچێوەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەناوی بزوتنەوەی هەتاکەی لە (٥/٥/٢٠٠٧)دا[١٢٠]، ئەم بزوتنەوەیە هاندەربوو بۆ جوڵاندنی هەندێك لە حزبە سیاسییەکانو دەتوانین بڵێین بزوتنەوەی هەتاکەی بناغەیەك بوو لە بناغەکانی نەیاری سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا[١٢١].

تەوەری دووەم: ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لەنێوان ململانێی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا.

بەبۆچوونی ئێمە لەدوای هەڵبژاردنی (٢٥/٧/٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستانو هاتنەئارای لایەنی ڕکابەر (نەیار) لەنێو پەرلەماندا، قۆناغێکی نوێی کاری ڕێکخراوەیی لە هەرێمدا دەستپێکردووە. لەم قۆناغەدا دوو حزبی دەسەڵات بۆ جوانکردنی دەسەڵاتو شاردنەوەی کەموکوڕییەکان، چەندین ڕێکخراویان دامەزراند[١٢٢]، هەروەها هاوشێوەی ڕێکخراوی سەر بەدەسەڵات، کۆمەڵە ڕێکخراوێکی دیکەی سەر بە ئۆپۆزسیۆن سەریانهەڵدا[١٢٣]، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوە ناحکومییەکان توانیان چەندین دەستکەوت بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەرێمی کوردستاندا بەدەستبهێنن، ئەویش لەلایەك بەهۆی پەرەسەندنی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ڕەخساندنی کەشێکی گونجاوتر بۆ کاری ڕێکخراوەییو کۆمەڵگەی مەدەنی، لەلایەکی دیکەش بەهۆی بوونی کێبڕکێ لەنێوان

١١٤ – ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٢٢)، ل٢.

١١٥ – ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٢٠)، ل٣.

١١٦ – گۆڤاری (IKNN)، ژ (١٠)، ل٤٣.

١١٧ – ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٦)، ل٥.

١١٨ – گۆڤاری (IKNN)، ژ (٥)، ل٨–١٣.

١١٩ – ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٢٠)، ل١.

١٢٠ – ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (٢٣)، ل٨.

١٢١ – رشید عمارة الزیدي و یوسف محمد صادق: م.س، ص١٦–١٧.

١٢٢ – ڕێکخراوی تواناسازی لاوان: بلاوکراوەی (NGO)، ژ (٤)، جوونی ٢٠١٠، ل٦.

١٢٣ – چاوپێکەوتن لەگەڵ (عبدالله خالد)ی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مەسەلله، ڕێکخراوی تواناسازی لاوان، بلاوکراوەی(NGO)، ژ (٤)، ل٣.

دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا، بەتایبەتی لەپەرلەماندا. وەك دەردەكەوێت لەم قۆناغەدا هاوكاریو هەماهەنگی لەنێوان پەرلەمانو رێكخراوە ناحكومییەكانی هەرێمدا زیادیكردو پەرلەمان هەوڵیدا راستەوخۆ راوێژیان لەگەڵدا بكاتو سوود لە بیروبۆچوونو راسپاردەكانیان وەربگرێت، بۆ نموونە كۆبوونەوەی لیژنەی كۆمەڵی مەدەنی پەرلەمانی كوردستان لەگەڵ رێكخراوەكاندا لە(١١/٤/ ٢٠١٠)دا[١٢٤]، هەروەها لە (١٩/١٠/٢٠١١)دا پەرلەمان میوانداری لەنوێنەرانی رێكخراوە ناحكومییەكانی هەر سێ پارێزگاكەی هەرێم كرد بۆ راوێژكردنو گوێگرتن بۆ سەرنجو بۆچوونیان لەسەر یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان[١٢٥]. تەنانەت لەساڵی (٢٠١٢)دا رێكخراوەكان توانیان بگەنە داڕشتنی كۆتایی پەیماننامەیەكی هاوبەشی بەشداریكردنو گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەكانو رێكخراوە ناحكومییەكانی لەهەرێمدا، ئەم پەیاننامەیەش لەسەر ئاستی باكوری ئەفریقیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرەوپێشچوونێكی بێوێنەیە[١٢٦]، كە پەیماننامەكە رۆژی (١٢/٦/٢٠١٣)دا پەرلەمان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣٠)دا پەسەندیكردو بریاری لەسەردا[١٢٧]. لەپرسی گەندەڵیشدا لەساڵی (٢٠١٢)دا كۆمەڵەی پاڵپشتیو بەهێزكردنی شەفافییەتو لێپرسینەوە لە ئەندامانی پەرلەمانو نوێنەرانی حكومەتو حیزبو كەرتی تایبەتو راگەیاندنو رێكخراوە ناحكومییەكان پێكهات[١٢٨].

هەروەها كاری هاوبەشی رێكخراوەكان زیاتر پەرەیگرت، لەم میانەیەشدا توانیان لەهەڵمەتی دابەزاندنی ئاستی تەمەنی بەمەرجگیراو بۆ ئەندامێتی پەرلەمان سەربكەونو مەرجەكە سەرەتا دابەزێنن بۆ (٣٠) ساڵو پاشان بۆ (٢٥) ساڵ[١٢٩]. لەهەوڵەكانیشیان بۆ یاسایەكی شیاو بەكاری رێكخراوەیی، دەتوانین ئاماژە بە هەڵمەتی داكۆكیكردن لەیاسای رێكخراوە ناحكومییەكان بكەین، كە لەقۆناغی پێشترەوە دەستیپێكردو چەندین رێكخراوو گروپو تۆڕی تایبەت لەم بوارەدا چالاكیانواند، بەتایبەتیش (تۆڕی ماف) لە داكۆكیكارانی دیاری یاساكەبوو[١٣٠]، هەتا دواجار پەرلەمانی كوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٤) رۆژی (٦/٤/٢٠١١)دا، یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١) یاسای رێكخراوە ناحكومیەكان لەهەرێمی كوردستان–عێراقدا، پەسەندكرد[١٣١]. بەمەش تۆماركردنی رێكخراو راگیرا هەتا كۆتایی ساڵی (٢٠١٢)، دواتر تۆماركردنی رێكخراو دەستیپێكرد، كە بەشێوەو رێگەیەكی زۆر ئاسانكار ئەنجامدەدرا، بێگومان ئەمەش بەهۆی گوێگرتنو سوودوەرگرتن لەپێشنیارو راسپاردەی رێكخراوەكان، كە لەماوەی چەند رۆژێكدا كاری تۆماركردنی رێكخراو بەئەنجام دەگات[١٣٢].

---

١٢٤ – رێكخراوی تواناسازی لاوان: بلاوكراوەی (NGO)، ژ (٤)، ل٢.

١٢٥ – بەختیار عبدالله: ئەزموونی ساڵێك چی پێوتین؟ شیكارێك بۆ یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان، ل٦.

١٢٦– تقریر استدامة منظمات المجتمع المدني لعام٢٠١٢ ، ص٢١.

١٢٧ – بڕوانە: رێكخراوی دانوستانو لێكۆڵینەوەی ستراتیژیی (ئامادەكردن): پەیمانی هاوبەشی گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەكانو رێكخراوە ناحكومییەكان لەهەرێمی كوردستان– عێراق، (ب.ش، ٢٠١٤).

١٢٨– نرمین معروف، خالد حیدر و فیصل علي: دراسة حول الاصلاح في الموازنة العامة للاقلیم، منظمة التنمیة الاقتصادیة الكوردستانیة (KEDO)، مطبعة بینایي، (د.م، ٢٠١٣)، ص١-٢.

١٢٩– دڵشاد هەرتەلی: تەمەنی ٢٥ ساڵی گەنج لەنێوان ململانێی پەرلەمانو رێكخراوەكاندا، گەنجانە، گۆڤارێكی گەنجانەی وەرزییە، رێكخراوی دەستپێشخەری مەدەنی CSI، ژ (٧)، ئازاری ٢٠٠٩، ل٤٧–٤٨" عبدالسلام مدني: م. س، ص١٤٦.

١٣٠ – بۆ دەقی یاساكە، بڕوانە: (رێكخراوی تواناسازی لاوان: بلاوكراوەی (NGO)، ژ (١،٢)، ل٣" ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی: نامە، ژ (١٩)، ل٦.

١٣١ – پەیمانگەی كوردی بۆ هەڵبژاردن KIE: چەند یاسایەك، چاپخانەی رەهەند، (سلێمانی، تەمموزی ٢٠١١)، ل٨، ١٧، ٦٠

١٣٢– تقریر استدامة منظمات المجتمع المدني لعام ٢٠١٢، ص٢١.

یاساکە پێشکەوتنو گۆڕانکاری گەورەی لەکاری ڕێکخراوەییدا بەدوای خۆیدا هێنا، لەوانەش گۆڕینی پرسی مۆڵەتوەرگرتنی دامەزراندنی ڕێکخراو بۆ خۆتۆمارکردن، بەگوێرەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی تایبەت بەڕێکخراوەکان. هەروەها گۆڕینی شێوەی پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی لەشێوەی مانگانە بۆ چەند ڕێکخراوێك بۆ شێوەی پاڵپشتی پرۆژەی ڕێکخراوەکانو والآبوونی دەروازەو دەرفەت لەبەردەم هەموو ڕێکخراوەکاندا، کە جۆری یەکەم هەتا بەرواری (٢٠١٣/٥/١) بەردەوامبوو[١٣٣]. بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانگەیەکی تایبەتو سەربەخۆ بەڕێکخراوە ناحکومییەکان دامەزرێندرا، کە لەڕۆژی (٢٠١٣/٢/٣)دا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەستبەکاربوونی خۆی ڕاگەیاند، بەمەش دۆسیەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە وەزارەتی ناوخۆوە گواسترایەوە بۆ ئەم فەرمانگەیە[١٣٤].

لێرەوە دامەزراندنی ڕێکخراوی ناحکومی لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی زەق پەرەیسەند، چونکە لەکاتێکدا بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی لە ئایاری (٢٠٠٨)دا تەنها (٦٢) ڕێکخراوی خۆماڵی لەپارێزگای سلێمانیدا بوونیان هەبووە[١٣٥]، هەروەها ژمارەی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی کە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دۆسیەکەیانی لەوەزارەتی ناوخۆوە گواستەوە بۆ لای خۆی بریتیبوون لە (٦٧٥) ڕێکخراو[١٣٦]، بەڵام بەدامەزراندنی فەرمانگەو کرانەوەی دەرگای خۆتۆمارکردن، ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەشێوەیەکی خێراو زۆر زیادیکرد، کەتەنها لەماوەی (٣/٢- ٢٠١٣/٧/١٥)دا (٨١٩) ڕێکخراوی خۆماڵی بەمەبەستی خۆتۆمارکردن سەردانی فەرمانگەیان کردووە، کە پێنج تۆڕی ڕێکخراوەیی خۆیان تۆمارکردووەو حەوت تۆڕی دیکەش لەقۆناغی خۆتۆمارکردندابوون[١٣٧]. بە کۆتایی ساڵی (٢٠١٣)، (١٣٢٥) ڕێکخراوی خۆماڵی مامەڵەی خۆتۆمارکردنیان پێشکەش بەفەرمانگەی ڕێکخراوەکان کردووەو کاری تۆمارکردنی (١٠٤٩) ڕێکخراویان تەواوکراوە، ئەمە جگە لەخۆگونجاندنی (١٧٦) ڕێکخراوی پێشتر لە کۆی (٢٠٠) مامەڵە، هەروەها (١٣) تۆڕیش لەکۆی (١٨) دۆسیەی تۆمارکردنی تۆڕ کۆتاهاتووە[١٣٨]، هەروەها لە (٢٠١٤/٣/٣١)دا کۆی داوای خۆتۆمارکردنی پێشکەشکراو بە فەرمانگە گەیشتە (١٥٤٨) ڕێکخراوو (٣٢) تۆڕ، کە (١٢٦٤) ڕێکخراوو (١٧) تۆڕ، کاری یاسایی خۆتۆمارکردنیان تەواوبووە، جگە لەتەواوبوونی کاری خۆگونجاندنی (١٨٧) لە کۆی (٢١٠) مامەڵەی خۆگونجاندن[١٣٩]. ئەم سانابوونەی ڕێکارە یاساییەکانی خۆتۆمارکردنی ڕێکخراو لەهەرێمی کوردستاندا، ڕێکخراوە عێراقییەکانیشی گرتەوە، کە بەگوێرەی یاساکە ڕێکخراوە تۆمارکراوەکانی ناوەند ڕێگەپێدراون چالاکی لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامبدەن، لەکاتێکدا بەپێچەوانەوە ڕێکخراوە تۆمارکراوەکان لەهەرێمدا ناتوانن لە ناوچەکانی حکومەتی ناوەندیدا چالاکی ئەنجامبدەنو ناچارن مۆڵەت لەلای حکومەتی ناوەنی (بەغداد) دەربهێنن[١٤٠]، بێگومان ئەمەش کارێکی زۆر سەختو قورسبوو بۆ ڕێکخراوەکانی هەرێمو

١٣٣ - فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (ئامادەکردن): فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە (ساڵو نیوێك)دا ٢٠١٣/٢/١-٢٠١٤/٧/١، (ب.س.ش)، ل٨، ١٠، ١٧.

١٣٤ - فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (ئامادەکردن): س. پ، ل١٣.

١٣٥ - بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: س. پ، ل١.

١٣٦ - فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (ئامادەکردن): س. پ، ل١٣.

١٣٧ - فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (ئامادەکردن): هـ. س، ل١٦.

١٣٨ - فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (ئامادەکردن): هـ. س، ل٤٨.

١٣٩ - فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (ئامادەکردن): هـ. س، ل٨٣.

١٤٠- تقرير استدامة منظمات المجتمع المدني لعام ٢٠١٢، ص٢١.

تەنها چەند ڕێکخراوێکی توانیان مۆڵەتی ڕێکخراو لەبەغداد بەدەستبهێنن ئەویش دوای سەرقاڵکدرنی ڕۆتینی بێزارکارو دواخستنێکی زۆر.

خشتەی دابەشبوونی جوگرافی ڕێکخراوە ناحکومییە تۆمارکراوەکان[141]

| ز | شوێن | ژمارەی ڕێکخراوی تۆماکراو | ژمارەی مامەڵەی تەواونەکراو |
|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٨٢٦ | ١٦٢ |
| ٢ | سلێمانی | ٣٨٦ | ٦٥ |
| ٣ | دهۆك | ١٧٧ | ٣٠ |
| ٤ | کەرکوك | ١٣٢ | -- |
| ٥ | هەڵەبجە | ١٩ | ٧ |
| ٦ | گەرمیان | ٢٨ | ١ |
| ٧ | خانەقینو دیالە | ١٧ | - |
| ٨ | شەنگال | ١١ | ٢ |
| کۆی گشتی | | ١٦١٦ | ٢٦٧ |

لەلایەنی پشتگیریی دارایی ڕێکخراوەکانیشەوە، پاڵپشتی مانگانەی حکومەتی هەرێم بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی سەر بەدوو حزبی دەسەڵتدار راگیراو سیستمی پاڵپشتی پرۆژەی ڕێکخراوەکان هاتەئارا[142]، لەکاتێکدا وەزارەتی ئابووری تەنها لەپێنج مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا بڕی (٣,٧٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیارو حەوتسەد ملیۆن دیناری بەشێوەی مانگانە داوە بە (٢١٤) ڕێکخراو، بڕیاردرا بڕی ماوەی بودجەی تەرخانکراو بۆ ڕێکخراوەکان کە (٣,٧٦٦,٦٦٦,٦٦٦) دیناربوو، بەسێ گوژمە بدرێتە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەمەش لە ڕێککەوتی (٢٠١٣/٤/١)دا دەرگای پێشکەشکردنی پرۆژەکرایەوەو لەکۆی (٢٢٣) پرۆژەی پێشکەشکراو بە فەرمانگە، (١٤٨) پرۆژە پاڵپشتیکران، کە (٢٩) پرۆژەیان پرۆژەی هاوبەشبوون لەنێوان دوو ڕێکخراوو زیاتردا. لە (٧/١٥)ی هەمان ساڵدا دەستکرا بە قۆناغی دووەمی پرۆژەوەرگرتن [143]، کە لەکۆی (٣٥١) پرۆژەی پێشکەشکراو بە فەرمانگە، (٢٧٤) پرۆژە پەسەندکرانو پاڵپشتی داراییان کرا[144].

لەم قۆناغەدا جگە لەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان، پەرلەمان چەند یاسایەکی دیکەی پەیوەندیداری بە مافەکانی مەدەنیو سیاسییەکانو ئازادی ڕادەربڕینەوە پەسەندکرد[145]، لەوانەش یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠)ی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەهەرێمی کوردستان- عێراق، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١١) ڕۆژی (٢٠١٠/١١/٣)[146]،

١٤١ - فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (ئامادەکردن): س. پ، ل ٤٩، ٨٣.

١٤٢- تقریر استدامة منظمات المجتمع المدني لعام ٢٠١٢، ص٢٣.

١٤٣ - فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (ئامادەکردن): س. پ، ل١٨-٢٠.

١٤٤ - فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (ئامادەکردن): هـ. س، ل٥٢.

١٤٥ - پەرلەمانی کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢- ٢٠١٢)دا (٢٨٦) یاساو (٣٣٨) بڕیاری دەرکردوە. بڕوانە: (ڕێکخراوی مەسەلە: س. پ).

١٤٦ - پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE: س. پ، ل٨، ١٧، ٦٠.

هەروەها یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) لە (٢٠١١/٦/٢١)[١٤٧]. دەرکردنی ئەم یاسایانە، وایکرد لەلایەك جگەلەوە ڕێکخراوەکان خوێندنەوەو شیکردنەوەی ئەکادیمییانە بۆ کەلێنو کەموکوڕییەکانی یاساکانی پەیوەست بە ئازادیو مافە مەدەنیو سیاسییەکان ئەنجامبدەن، بۆ نموونە خوێندنەوەی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠) بەناوی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر جێبەجێکردنیدا[١٤٨]، لەلایەکی دیکەشەوە هەڵمەتەکانیان گواستەوە بۆچاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکان، لەم میانەیەشدا لە (٢٠١٢)دا هەڵمەتی داکۆکی لەجێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزانی لە (٤٦) ڕێکخراوو دامەزراوە پێکهات، هاوکات ڕێکخراوی (WOLA) لەڕێکەوتی (٢٠١٢/٨/١١)دا ڕاپۆرتی یەکەمی خۆی لەسەر یاساکە بڵاوکردەوە[١٤٩].

لەلایەك کاری پێکەوەیی ڕێکخراوەکان وایکرد ڕێکخراوەکان متمانەو ورەیان بەخۆیان بەهێزتربێتو کاریگەریشییان لەسەر دەسەڵاتو ئۆپزسیۆن بەهێزتربێت، لەلایەکی دیکەوە بەهەڵوێستی داکۆکیکردنیان لەمافی ڕەوای گردبوونەوەو خۆپیشاندانو هاوکات ڕێگریکردن لەگرتنەبەری توندوتیژیی (لەلایەن خۆپیشاندەران) و بەکارهێنانی توندوتیژیی (لەلایەن هێزە چەکدارەکان)ەوە لە خۆپیشاندانەکانی بەهاری (٢٠١١)دا، کە بەلاشەی خۆیان بوونە پەرژینی ئاشتی لەنێوان خۆپیشاندەرانو هێزەچەکدارەکانداو گروپی سپییان پێکهێنا، بەمەش ڕێگرییانکرد لە خوێنڕشتنی زیاتری هاووڵاتیانی هەرێم[١٥٠]، توانیان متمانەی هاووڵاتیان بەخۆیان بەهێزتربکەن، ئەمەش وایکرد بتوانن بەیەکەوە دەست بۆ پرسەکانی گەندەڵی ببەن، بۆ نموونە توانرا هەڵمەتی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی بۆ بەدواداچوونی گەندەڵییەکانی دروستکردنی نەخۆشخانەی چوارسەد قەرەوێڵەیی (شار) لە سلێمانی دروستبکەنو زۆر نهێنی پشت تەواونەبوونی نەخۆشخانەکە ئاشکرابکەنو پەیوەندی بەچالاکوانانی کۆریای باشورەوە بکەن بۆ بەدادگایی گەیاندنی کۆمپانیا کۆرییەکە[١٥١]. جگەلەوە توانیان دەستبخەنە سەر کەلێنەکانی سیستەمو بەرنامەی کەرتی گشتیو ڕێگاچارەکان بخەنەڕوو، بۆ نموونە فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بەناونیشانی (سیستەمی تەندروستی لەهەرێمی کوردستاندا...گرفتو ئاسۆکانی چارەسەر) توێژینەوەیەکی پوختی بڵاوکردەوە[١٥٢].

هەروەها ڕێکخراوەکان بەرەو بەشدارپێکردنی کەرتی تایبەت لە پەرەپێدانی پرسەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا هەنگاویان نا، لەم میانەیەشدا هەوڵدرا بۆ گەیشتن بەپەیماننامەی هاوبەش لەنێوان کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتو ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا[١٥٣]. جگەلەوە پرسە ژینگەییەکانی هەرێم بوون بەجێگەی بایەخی ڕێکخراوەکان، لەم

---

١٤٧ - شۆخان حەمە ڕەشید، تارا علی: س. پ، ل٤.

١٤٨ - بەختیار عبدالله: ئەزموونی ساڵێك چی پێوتین؟ شیکارێك بۆ یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بڵاوکراوەتەوە لەمیانەی نامیلکەی (کارنامەی فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەپێناو هەموارکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان‌دا، ٢٠١٢).

١٤٩ - شۆخان حەمە ڕەشید، تارا علی: س. پ، ل٨، ١٣.

١٥٠ - سالار جاف (ئامادەکردن): پەرژینی ئاشتی ڕێگەی لەخوێن ڕشتن گرت، ڕۆژنامەی بۆچوون، ژمارە (٨٧)، ساڵی چوارەم، (٢٠١١/٣/٢٧)، ل٥" سەناریا خالید: میللەت ئاشتیو چاکسازیی ڕیشەیی دەوێت، گۆڤاری (نێوەند)، ژمارە (٨٤)، ساڵی حەوتەم، شوباتی ٢٠١١، ل٣.

١٥١ - بەختیار عبدالله: س.پ، ل٧.

١٥٢ - فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی (FCSO): سیستەمی تەندروستی لەهەرێمی کوردستاندا...گرفتو ئاسۆکانی چارەسەر، چاپخانەی ڕەهەند، (ب.ش، ٢٠١٢).

١٥٣ - ڕێکخراوی دڵسۆزی بۆ هزرو ڕۆشنبیریی: بەرپرسیارێتی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت (CSR)، (ب.ش، ٢٠١٤)، ل٢.

روەشەوە چەندین ڕێکخراو دامەزران، کەژمارەیان گەیشتە ئەوەندەی پێویستیان بەتۆڕی تایبەت بەخۆیان بێت، بۆنموونە لە سلێمانی (تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە) لەژێر دروشمی (رەخساندنی ژینگەیەگی لەبارو دروست بۆ ژیانێکی تەندروست) لەساڵی (٢٠١٢)دا دامەزرا[١٥٤].

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی ڕێکخراوەکانو پێشکەوتنو گەشەکردنی چالاکییەکانیان لەسەر هەردوو ئاستی ئاسۆییو ستونی، بەلاّم هێشتا ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێم لەئاستی پرسەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پێویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیو پێشێلکارییەکانی ماف مرۆڤدا نین. لەلایەنی پەرەپێدانی توانای ناوخۆیی خۆیشیانەوە لاوازن، بەگوێرەی راپۆرتی (بەردەوامی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆساڵی ٢٠١٢) بەشێکی زۆر لەم ڕێکخراوانە لەڕووی ڕێکخستنەوە لاوازنو تەنانەت بەبێ دونیابینی تایبەتی ڕێکخراوو دیدگەو پلانی ستراتیژیین، هاوکات کارمەندەکانیان نیوە دەوامنو بەزەحمەت کەسانی خۆبەخشیان دەستدەکەوێت، جگەلەوە پشت بە بەخشەری بیانی دەبەستنو بەخشینی ناوخۆ لاوازو دیاریکراوە[١٥٥]. لەگەڵ بوونی پەیڕەوێکی ناوخۆی پێشکەوتوو، بەلاّم بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکان تاکە کەسێك هەموو شتێکی ڕێکخراوەکەیە، هەرخۆی دامەزرێنەرو بەڕێوەبەرو جێبەجێکاری چالاکیو کادری مەیدانییە[١٥٦]. هاوکات بەردەوامێتی لەپۆستی بەڕێوەبەری ڕێکخراودا دیاردەیەکە لەناو ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا[١٥٧]، ئەمەش مانای زاڵبوونو ئاڕاستەکردنی ڕێکخراوە لەلایەن تاکە کەسێکەوە، ڕێکخراوی ناحکومیش بەمە شەرعیەتی خۆی لەدەستدەدات[١٥٨].

---

١٥٤ – نامۆ شەریف (ئامادەکردنو وەرگێران): ژینگەو مەترسییەکانی پیسبوون، ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی (CSI)، چ١، چاپخانەی رەهەند، (ب.ش، ٢٠١٤)، ل١.

١٥٥– تقرير استدامة منظمات المجتمع المدني لعام ٢٠١٢، ص٢٠–٢١.

١٥٦– منظمة هاريكار غير الحكومية: دور منظمات المجتمع المدني في التنمية الاجتماعية، بدعم من منظمة (ICSP)، مطبعة زانا ، (دهوك، ٢٠٠٧)، ص٤٩.

١٥٧ – ئاسۆ سەراوی (ئامادەکردن): س. پ، ل٩.

١٥٨ – هیلاری بایندر– م.س، ص٤.

## دەرەنجام

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) سەرەتایەك بووە بۆ سەرهەڵدان و لەدایکبوونی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستاندا، کە لەسەرەتادا بەهاندانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە بەخشەرەکان چەند ڕێکخراوێکی خۆماڵی دامەزرێنراون، لەگەڵ سەرەتاییبوونی ئەم ڕێکخراوانە و لاوازی ئەزموونیان توانیویانە ڕۆڵێکی کارا لە کاری فریاگوزاریو ئاوەدانکردنەوەدا ببینن، بەڵام شەڕی ناوخۆ جگە لەوەی کۆسپێکی گەورە بووە لەبەردەم فراوانبوونی ئاسۆیی چالاکییەکانیاندا، هاوکات بەبێ جیاوازی حزبیبوون یان نەبوونی ڕێکخراوەکاندا، ڕێکخراوەکانی بەسەر دوو ئیدارەیی هەرێمدا دابەشکرد.

روخاندنی رژێمی بەعس لەساڵی (٢٠٠٣)دا دەرفەتێکی گونجاوتری لەبەردەم کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا هێنایەئارا، لەلایەك بەهۆی هاتنی چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بەخشەر، لەلایەکی دیکەش بەشێك لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەستیانکرد بەڕاهێنانی کارمەندی ڕێکخراوە خۆماڵییەکان، بەمەش توانای دارایی و توانای مرۆییەکانیان گەشەیکرد، هەماهەنگ ژینگەیەکی ئازادتر لە ژینگەی سەردەمی شەڕی ناوخۆ لەهەرێمی کوردستاندا هاتەئارا، بۆیە ڕێکخراوەکان توانیان قۆناغی وشیارکردنەوە تێبپەڕێنن و بچنە قۆناغی چاودێریکردن و داکۆکیکردن.

گەشەکردنی توانای ڕێکخراوەکان لەغیابی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیدا وایکرد ڕێکخراوەکان زیاتر بەدیاربکەون و چالاکوانێکی زۆر روویان تێبکەن و ببنە جێگەی ئومێدیان، ڕێکخراوەکان بوونە داکۆکیکاری سەرەکی لەماف و ئازادی هاووڵاتیان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، لەم بوارەشدا بەشێك لە ڕێکخراوەکان دەستیانکرد بە چاودێریکردنی دامەزراوە میرییەکان و دادگاو پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی چاودێریی مافی توێژە جۆراوجۆرەکان و رەوشی مافی مرۆڤ، دڵسۆزیی و داکۆکی ئەم ڕێکخراوانە لەمافی هاووڵاتییان وایکرد ببنە پێکهێنەری سەرەکی بزوتنەوەی جەماوەری هەتاکەی.

هاتنەئارای ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمانی کوردستاندا دەرفەتێکی گونجاوبوو بۆئەوەی ڕێکخراوەکان بتوانن لەململانێی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا بەشێك لەداخوازییە یاساییەکانیان بهێننەدی، کە گرنگترینی بریتییە لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١) یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەهەرێمی کوردستان–عێراقدا، بەمەش پرسی دامەزراندنی ڕێکخراو لە دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆو وەرگرتنی رەزامەندی لە ئاسایش نەماو گۆڕا بۆ تۆمارکردن. هەروەها بەیاسا ڕێگەگیرا لەوەی حزب لەسەر بودجەی گشتی مانگانە بە ڕێکخراوەکانی خۆی تەرخانبکات. هەروەها توانیان بگەن بە پەیماننامەی هاوبەشی بەشداریکردن و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لەهەرێمدا.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کوردییەکان


١. ئارام شێخ محمدو بەختیار ئەحمەد صالح (ئامادەکردن): هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی ماف مرۆڤ لەقۆناغەکانی خوێندندا، داڕشتنەوەو پێداچوونەوەی م: جەمال عەبدول، چاپخانەی ئازادی، (سلێمانی، ٢٠٠٥).

٢. بەختیار عبدالله: ئەزموونی ساڵێك چی پێوتین؟ شیکارێك بۆ یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان، بلاَوکراوەتەوە لەمیانەی نامیلکەی (کارنامەی فدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەپێناو هەموارکردنەوەی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندانداندا، (کانوونی دووەمی ٢٠١٢).

٣. تۆڕی ئایندە بۆ چاودێری پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن: راپۆرتی چاودێری (١٢/٣– ٢٠٠٥/١٢/٢٣)، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، (هەولێر، ٢٠٠٥).

٤. پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان ( ئامادەکردنی بەشی راگەیاندن): پەیمانگەی کوردستان لەسێ ساڵەی تەمەنیدا، (ب.ش، ٢٠٠٨).

٥. پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE: چەند یاسایەك، چاپخانەی رەهەند، (سلێمانی، ٢٠١١).

٦. دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی: پێکەوە گرێدانی حکومەتو هاوڵاتی، چاپخانەی رەهەن، (ب.ش، ٢٠٠٦).

٧. رووناك فەرەج رەحیمو هانا شوان: ئاماری توندوتیژییەکانی دژ بەژنانو خوێندنەوەیەك، بلاَوکراوەی چوارەمی سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان، چاپی یەکەم، چاپخانەی: ئۆفسێتی شڤان، (سلێمانی، ٢٠٠٣).

٨. رێکخراوی تواناسازی لاوانی کوردستان (KYED): راپۆرتی ساڵانەی رەوشی گەنج لە کوردستان ئابی ٢٠٠٦– ٢٠٠٧/٨/١٢، (ب. ش. س).

٩. رێکخراوی دانوستانو لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی (ئامادەکردن): پەیمانی هاوبەشی گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەکانو رێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستان– عێراق، (ب.ش، ٢٠١٤).

١٠. رێکخراوی دڵسۆزی بۆ هزرو رۆشنبیریی: بەرپرسیارێتی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت (CSR)، (ب.ش، ٢٠١٤).

١١. رێکخراوی ئاسك: راپۆرتی ASKبۆ: مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ساڵی ٢٠٠٠)، چ١، چاپخانەی شڤان، (ب،ش، ٢٠٠١).

١٢. سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو ماف مرۆڤ: دەسەڵات تاکەی لەئاست پێشێلکارییەکان خۆت بێدەنگ دەکەیت؟، راپۆرتی حەوتەم ، (سلێمانی، ٢٠١٥).

١٣. شوان رەشید (ئامادەکردن): کۆمەڵەی خەڵك بۆ گەشەپێدان (PDA): بەدەستهێنانی زانیاریی لەهەرێمی کوردستاندا (٢٠١٠)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، (سلێمانی، ٢٠١٠).

١٤. فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان (ئامادەکردن): فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان لە (ساڵو نیوێك)دا ٢٠١٣/٢/١–٢٠١٤/٧/١، (ب.س.ش).

١٥. فدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی (FCSO): سیستەمی تەندروستی لەهەرێمی کوردستاندا...گرفتو ئاسۆکانی چارەسەر، چاپخانەی رەهەند، (ب.ش، ٢٠١٢).

١٦. كۆمەڵەی خەڵك بۆ گەشەپێدان (PDA): راپۆرتی چاودێریكردنی رەوشی مافەكانی مرۆڤ لە كوردستان (٢٠٠٨)، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئاوێنە، (٢٠٠٨).

١٧. كۆمەڵەی خەڵك بۆ گەشەپێدان (PDA): راپۆرتی چاودێریكردنی مافەكانی منداڵانو ئافرەتان لەساڵی (٢٠١٠)دا" چاودێری پێشێلكارییەكانی ماف مرۆڤ ٢٠١٠، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان، (٢٠١٠).

١٨. نامۆ شەریف (ئامادەكردنو وەرگێڕان): ژینگەو مەترسییەكانی پیسبوون، رێكخراوی دەستپێشخەری كۆمەڵی مەدەنی (CSI)، چاپی یەكەم، چاپخانەی رەهەند، (ب.ش، ٢٠١٤).

دووەم: عەرەبییەكان

١٩. أنتوني وودیوس: حقوق الإنسان من منظور عصري، ترجمة: عمار محمد أحمد المغربي، دار الفجر للنشر والتوزيع، (القاهرة، ٢٠٠٧).

٢٠. خليل محمد حسن الشماع (الدكتور) و خضير كاظم حمود (الدكتور): نظرية المنظمة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، (عمان، ٢٠٠٠م).

٢١. رشيد عمارة الزيدي (الدكتور) و يوسف محمد صادق: المعارضة السياسية في اقليم كوردستان العراق، النشأة والمستقبل، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، (د.م، ٢٠١٢).

٢٢. عبدالسلام مدني: دور منظمات المجتمع المدني في تنمية الشباب، منشور ضمن: كؤنفرانسي زانستي طةشةثيَداني تواناكان لةسةردةمي طؤرِانكارييةكاندا، هةريَمي كوردستاني عيَراق، ضاثي يةكةم، ضاثخانةي ثةيوةند، (سليَماني،٢٠١٢).

٢٣. محمد احسان: كوردستان ودوامة الحرب، الطبعة الثانية، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، (اربيل، ٢٠٠١).

٢٤. مركز الإنتاج الإعلامي: المنظمات الاهلية والمجتمع المدني والمبادرات المدنية التطوعية، جامعة الملك عبد العزيز، الإصدار الثامن عشر، (د. م. س).

٢٥. منظمة هاريكار غير الحكومية: دور منظمات المجتمع المدني في التنمية الاجتماعية، بدعم من منظمة (ICSP)، مطبعة زانا ، (دهوك، ٢٠٠٧).

٢٦. مهدي زويلف (الدكتور) و علي العضايلة (الدكتور): ادارة المنظمة، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، (عمان، ١٩٩٦).

٢٧. نرمين معروف (الدكتورة) و خالد حيدر (الدكتور) و فيصل علي: دراسة حول الاصلاح في الموازنة العامة للاقليم، منظمة التنمية الاقتصادية الكوردستانية (KEDO)، مطبعة بينايي، (د.م، ٢٠١٣).

٢٨. نورالدين علوش: المنظمات غير الحكوميه ورهان حقوق الانسان، دار ناشرى للنشر الالكتروني، (المغرب، ٢٠١١).

٢٩. يسرى مصطفى (الدكتور): المنظمات غير الحكومية، الطبعة الثانية، مركز القاهرة لدراسات حقوق الإنسان، (د.م.س).

سێیەم: نامە زانکۆییە بلاۆنەکراوەکان

٣٠. اسماء مرايسي: ادارة المنظمات الدولية غير الحكومية لقضاياه حقوق الانسان، دراسة حالة: منظمة العفو الدولية، رسالة ماجستير غير المنشورة، مقدمة الى قسم العلوم السياسية/ كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة الحاج لخضر–باتنة، ٢٠١٢.

٣١. جدو فؤاد: دور المنظمات غير الحكومية في النزاعات الدولية– أنموذج منظمة أطباء بلا حدود، مذكرة مكملة لنيل شهادة ماجستير في العلوم السياسية و العلاقات الدولية، غير منشورة، مقدمة الى قسم العلوم السياسية و العلاقات الدولية/ كلية الحقوق و العلوم السياسية/ جامعة محمد خيضر بسكرة، ٢٠١٠.

٣٢. خليفة بوزبرة: دور المنظمات غير الحكومية لحقوق الإنسان، مذكرة تخرج لنيل شهادة الماجستير غير المنشورة، مقدمة الى قسم علم الاجتماع/ كلية العلوم الإنسانية و الإجتماعية/جامعة الجزائر، (د.س).

٣٣. نصيرة صالحي: دور المنظمات الدولية غير الحكومية في عمليات بناء السلام– دراسة حالة منظمة أوكسفام، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية، غير منشورة، مقدمة الى قسم العلوم السياسية / كلية الحقوق و العلوم السياسية/ جامعة الحاج لخضر– باتنة، ٢٠١٣.

چوارەم: توێژینەوە زانستیو وتارەکان

٣٤. ئاسۆ سەراوی (ئامادەکردن): رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی رەخنەی زۆر دەگرن، بەلاّم کەمو کورپییەکانی خۆیان نابینن، رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٣٦٥)، رۆژی (٢٠١٣/٣/١٩).

٣٥. ئارام جەمال: رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنیو بەشداری سیاسی ئافرەتانو گەنجان، گۆڤاری گەنجانە، ژمارە (٢)، ئازاری ٢٠٠٨.

٣٦. جبار عزیز ابوبکر: فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، سمینارێکی رێکخەری فیدراسیۆنە، لەمیانەی نامیلکەی (کۆلێژی یاساو رامیاری: پرۆژەی دەرچوونی خوێندکارانی چواری زانستە رامیارییەکان، ساڵی خوێندنی ٢٠١٤–٢٠١٥، ژمارە (٢)، ٢٠١٥.

٣٧. دڵشاد هەرتەلی: تەمەنی ٢٥ ساڵی گەنج لەنێوان ململانێی پەرلەمانو رێکخراوەکاندا، گەنجانە، گۆڤارێکی گەنجانەی وەرزییە، رێکخراوی دەستپێشخەری مەدەنی CSI، ژمارە (٧)، ئازاری ٢٠٠٩.

٣٨. رەزا سیمبەر (دكتۆر): ڕێكخراوە ناحكومییەكانو نفوزیان لەناو كۆمەڵگای جیهاندا، وەرگێڕانی: ئیدریس شێخ شەرەفی، سەنتەری برایەتی، گۆڤارێكی وەرزی زانستییە، ژمارە (١٧)، پایزی ٢٠٠٠.

٣٩. سالار جاف (ئامادەكردن): پەرژینی ئاشتی ڕێگەی لەخوێن رشتن گرت، ڕۆژنامەی بۆچوون، ژمارە (٨٧)، ساڵی چوارەم، (٢٠١١/٣/٢٧).

٤٠. سەناریا خالید: میللەت ئاشتیو چاكسازیی ریشەیی دەوێت، گۆڤاری (نێوەند)، ژمارە (٨٤)، ساڵی حەوتەم، شوباتی ٢٠١١.

٤١. سیار محمد ساڵح: خوێندنەوەیەكی شەڕی ناوخۆی كوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢)، ئەیلولی ١٩٩٧.

٤٢. علي احمد الطراح: العولمة، المنظمات غير الحكومية والمجتمع المدني، مجلة كلية الانسانيات والعلوم الاجتماعية- جامعة الكويت، العدد (٢٥)، ٢٠٠٢م.

٤٣. كوثر عباس الربيعي (الدكتورة): المجتمع المدني في العراق..المفهوم والتطبيق، مجلة دراسات دولية، العدد (٢٧)، (د.س).

پێنجەم: راپۆرتە چاپنەكراوەكان

٤٤. بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی سلێمانی: پێڕستی ڕێكخراوەكان، ئایار/٢٠٠٨، وەزارەتی پلاندانان.

٤٥. ڕێكخراوی گەشەپێدانی دیموكراسی (DDO): چالاكییەكانی ڕێكخراوی گەشەپێدانی دیموكراسی ٢٠٠٢-٢٠٠٤، (ب.ش.س).

٤٦. ڕێكخراوی مەسەللە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەكانو ڕێكخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت: راپۆرتی رەوشی مافەكانی كرێكاران لەعێراقو هەرێمی كوردستاندا ٢٠١١-٢٠١٢.

٤٧. ڕێكخراوی هاریكاری یاسایی ژنان: لەدەرگادانی شێڵتەرەكانی ژنان لەهەرێمی كوردستاندا، راپۆرتێكی تایبەتە بەئاستی خزمەتگوزارییو شەفافییەت لەبەڕێوەبردنی شێڵتەرەكاندا، بەسەرپەرشتی پارێزەران: تارا عەلی عارف، شەنگە رەحیم، ساڵی (٢٠١٠).

٤٨. سەنتەری پەرەپێدانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ (ستافی پرۆژە): راپۆرتی دووەمی چاودێری بنكەو گرتوخانەكانی پۆلیس لەپارێزگای سلێمانیدا (٢٠١٠/٦/١- ٢٠١٠/١٢/٣١)، بەهاوكاری ڕێكخراوی دیاكۆنیای سویدی، (سلێمانی، ٢٠١٠).

٤٩. شۆخان حەمە رەشید، تارا علی، شەنگە رەحیم (ئامادەكردن): راپۆرتی هاریكاریی یاسایی ژنان، (٢٠١٢-٢٠١٣)، (ب.ش.س).

٥٠. دائرة الشرق الأوسط: تقرير استدامة منظمات المجتمع المدني لعام٢٠١٢ لمنطقة الشرق الأوسط وشمال أفريقيا، وُضع التقرير بواسطة: الوكالة الأمريكية للتنمية الدولية، مكتب الديمقراطية والنزاعات والمساعدات الإنسانية، مركز الامتياز للديمقراطية وحقوق الإنسان والحكم، دائرة الشرق الأوسط.

شەشەم: بڵاوکراوە وەرزییەکان

بڵاوکراوەی (NGO)، لەلایەن (ڕێکخراوی تواناسازی لاوان)ەوە بڵاوکراوەتەوە، سوود لەم ژمارانەی وەرگیراوە:

٥١. ژمارە (١،٢)، ئابریلی ٢٠١٠.

٥٢. ژمارە (٤)، جوەنی ٢٠١٠.

بڵاوکراوەی نامە، لەلایەن (ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی)یەوە بڵاوکراوەتەوە، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە بەکارو چالاکی ڕێکخراوەکان، دوو مانگ جارێك دەرچووە، سوود لەم ژمارانەی وەرگیراوە:

٥٣. ژمارە (١)، ساڵی (١)، (تەشرینی یەکەم/٢٠٠٢).

٥٤. ژمارە (٢)، ساڵی (١)، (کانونی یەکەم/٢٠٠٢).

٥٥. ژمارە (٣)، ساڵی (١)، (شوباتی ٢٠٠٣).

٥٦. ژمارە (٤)، ساڵی (١)، (ئایاری ٢٠٠٣).

٥٧. ژمارە (٥)، ساڵی (١)، (حوزەیرانی ٢٠٠٣).

٥٨. ژمارە (٦)، ساڵی (١)، (ئەیلولی ٢٠٠٣).

٥٩. ژمارە (٨)، ساڵی (٣)، (کانونی دووەمی ٢٠٠٤).

٦٠. ژمارە (١٠)، ساڵی (٣)، (ئایاری ٢٠٠٤).

٦١. ژمارە (١٢)، ساڵی (٣)، (ئەیلولی ٢٠٠٤).

٦٢. ژمارە (١٣)، ساڵی (٣)، (کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤).

٦٣. ژمارە (١٤)، ساڵی (٤)، (ئازاری ٢٠٠٥).

٦٤. ژمارە (١٥)، ساڵی (٤)، (حوزەیرانی ٢٠٠٥).

٦٥. ژمارە (١٦)، ساڵی (٤)، (ئەیلولی ٢٠٠٥).

٦٦. ژمارە (١٨)، ساڵی (٤)، (ئاداری ٢٠٠٦).

٦٧. ژمارە (١٩)، ساڵی (٥)، (حوزەیرانیی ٢٠٠٦).

٦٨. ژمارە (٢٠)، ساڵی (٥)، (ئەیلولی ٢٠٠٦).

٦٩. ژمارە (٢١)، ساڵی (٥)، (کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦).

٧٠. ژمارە (٢٢)، ساڵی (٥)، (ئاداری ٢٠٠٧).

٧١. ژمارە (٢٣)، ساڵی (٦)، (حزيران/٢٠٠٧).

٧٢. ژمارە (٢٦)، ساڵی (٦)، (حزيران/٢٠٠٨).

٧٣. پـڕۆژەی پاڵپشـتی دادگـا، پاشـكۆی تايبـەت بەبڵاوكردنـەوەی پـڕۆژەی پاڵپشـتی دادگـا، پاشـكۆی ڕۆژنامـە، ڕۆژی (٢٠٠٩/٣/٣١).

٧٤. رای گشـتی، پاشـكۆيەكی مانگانەيـە لەلايـەن (پەيمانگـەی كـوردی بـۆ هەڵبـژاردن)ەوە بڵاودەكرێتـەوە، سـەرەتا پاشكۆيەكی مانگانەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بوو، ئێستا پاشكۆی ڕۆژنامەی ئاوێنەيە، ژمارە (١)، (٢٠٠٩/٧/٢٩).

گۆڤـاری (IKNN)، لەلايـەن (ئەنجومـەنی كوردسـتانی ڕێكخـراوە ناحكومييـەكان)ەوە دەرچـووە، تايبـەت بـووە بـە چالاكیو كاری ڕێكخراوە ناحكومییەكان، سوود لەم ژمارانەی وەرگیراوە:

٧٥. ژمارە (١)، ساڵی (١)، ، چاپخانەی منارە، (هەولێر، نيسانی ٢٠٠٦).

٧٦. ژمارە (٥)، ساڵی (٢)، (هەولێر، مايسی ٢٠٠٧).

٧٧. ژمارە (١٠)، ساڵی (٤)، (هەولێر، ئابی ٢٠٠٩).

٧٨. ژمارە (١٣)، ساڵی (٤)، (هەولێر، ئابی ٢٠١٠).

حەوتەم: پێگە ئەلەكترۆنییەكان

٧٩. خطاب الأمين العام كوفي عنان، ايطاليا، ١٩٩٧ منشور في موقع:
www.UN.org/arabic/NGO/bwcgure.htm بتاريخ (١٩٩٩/٢/١٧).

٨٠. منظمات المجتمع المدني في العراق، منشور في http://www.niqash.org/ar/articles/society/٢٢٥٧.

٨١. بابەتی (Society of Friends – Quakers) لە پێگەی:
http://mb-soft.com/believe/txc/quakers.htm

٨٢. ڕێكخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی:
https://www.icrc.org/eng/who-we-are/history/overview-section-history-icrc.htm

٨٣. ڕێكخراوی بەرەنگاربوونەوەی كۆيلايەتی:
http://www.antislavery.org/english/who_we_are/english/who_we_are/english/who_we_are/antislavery_international_today.aspx

هەشتەم: چاوپێکەوتنەکان

٨٤. عبدالله خالد: بەڕێوەبەری رێکخراوی مەسەلله، رێکخراوی تواناسازی لاوان، بلاّوکراوەی (NGO)، ژ (٤).

٨٥. عطا محمد: دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری پێشووی رێکخراوی (CDO)، لەڕێککەوتی (٢٠١٥/١٢/٢٤)دا.

٨٦.فازیل عومەر: یاریدەدەرو راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری لاوانو کۆمەلگەی مەدەنی، ئەنجامدەر: لێر ئیبراهیم: گۆڤاری (IKNN)، ژ (١٣)، سالّی (٤)، (هەولێر، ئابی ٢٠١٠).

٨٧.ايمي بال: الناشطة الكندية ومديرة منظمة الكندية الكردية للصداقة، معد اللقاء: دلير ابراهيم، گۆڤاری (IKNN)، ژ (١٣)، سالّی (٤)، (هەولێر، ئابی ٢٠١٠).

## Uprising, the starting point of emergence of Non-Governmental Organizations in Kurdistan Region

It can be clearly seen that the NGOs of Kurdistan has a vague and neglected history. This is related to various reasons, but lack of experience of the NGOs is the main reason for this phenomenon. Furthermore, the carelessness of the NGOs themselves is another reason for lack of documentation of their history. Also, some of the NGOs like other governmental organization are suffering from the disease of lack of transparency, and keeping the information about the source of financing their projects secret. Therefore, researchers and scholars have paid little attention to the history of the NGOs in Kurdistan, and paid more attention to the political history of Kurds and Kurdistan.

This paper is one of the very first attempts to document the direction of NGOs history, which can be argued that the uprising of people of Kurdistan in ١٩٩١ can be marked as the emergence point of NGOs.

The paper is divided into three chapters. The first chapter introduces the history and appearance of NGOs in the world. The second chapter addresses the emergence of NGOs between the ١٩٩١ uprising and the elimination of Baath’s regime in ٢٠٠٣. In the last chapter the evolution, activities, and abilities of NGOs will be discussed between ٢٠٠٣ and ٢٠١٥.